((زنجیرە سیمیناری کوردستان تایمز بۆ مەریوان وریا قیانیع لەبارەی نەتەوەو ناسیۆنالیزم بەشێوەی ئۆنلاین))

ناسیۆنالیزم و نەتەوە

سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا

ناسیۆنالیزمی کوردی

زانکۆی ئەمستردام/ ٢١- ١١- ٢٠٢٠

نوسینەوە: Haadi-MH/ ١٠/١٠- تا ٢٠/١٠- ٢٠٢٣

HAADI

پێڕست:


پێشەکی.......................................................................................................................١

زنجیرەی یەکەم: بەر لە ناسیۆنالیزم و نەتەوە..........................................................٢

زنجیرەی دووەم: دنیای نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوە....................................................٨

زنجیرەی سێیەم: ناسیۆنالیزم چییە؟.................................................................١٨

زنجیرەی چوارەم: ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا:...........................................٢٨

زنجیرەی پێنجەم: ناسیۆنالیزمی کوردی.................................................................٣٩


HAADI

## پێشەکی:

ئەم سیمینارە بابەتێکە دەربارەی ناسیۆنالیزم  و نەتەوە کە لەلایەن مەریوان وریا قانیعەوە پێشکەشکراوە بەشێوەی ئۆنلاین، ڕێکخەری سیمینارەکەش کەمال چۆمانییە لە دەزگای کوردستان تایمز. منیش هەستاوم بە نوسینەوەی کۆی سیمینارەکە کە نزیکەی شەش سەعات و نیوە، پێنج زنجیرەیە، هەوڵمداوە وەکوی خۆی قسەکانی کاک مەریوان بنوسمەوە، لەو شوێنانەشی کە ڕەئی خۆی یان ڕەئی ئامادەبوانی سیمینارەکەی تێدایە، بەشێوەی پەنجەرە (*) ئاماژەم پێداوە، هەروەها هەر وشەیەکیش لە کوردیدا بەرامبەرەکەی نەبێت بەشێوەی ئەستێرە (*) ئاماژەم پێداوە. سیمینارەکە سێ بەش لە خۆ دەگرێت، بەم شێوەیە: بەشی یەکەم: دروستبوونی سەرهەڵدانی چەمکی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوە. بەشی دووەم: سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم  لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەشی سێیەم: ناسیۆنالیزمی کوردی.

مەریوان وریا قانیع لەکایەی ڕۆژنامەوان و ئەدەبیاتی کوردیدا هەر لە نۆهەتەکانەوە ناوێکی دیارە، بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لە زانستە مرۆڤاییەکاندا لە زانکۆی ئەمستردام، مامۆستایە لەو زانکۆیەدا لە بەشی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبیدا، کاک مەریوان بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی بابەتەکە شی دەکاتەوە، لەبەرئەوەی بابەتەکە بەشێوەی سیمینارە بۆیە هەموو لایەنەکانی بابەتەکەی باس نەکردووە،  بەڵکو بە شێوەیەکی کورت و پوخت و سادە بابەتەکەی گەیاندووە، بەشێوەیەک باسی کردووە، تەنانەت ئەوانەشی کە ئەکادیمی نین دەتوانن لێی تێبگەن.

## زنجیرەی یەکەم:

## بەر لە ناسیۆنالیزم و نەتەوە:

### یەکەم تەوەرەمان باسی بەر لە ناسیۆنالیزم دەکەین:

مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم.

بەر لە دەوڵەتی نەتەوەیی ئیمپراتۆریەت هەبوو، هەموو بزاوتە ناسیۆنالیزمەکان لەدوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپڕاتۆریەتییەکانەوە دروستبوون، لە ئەوروپا لە دوایر کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریەتە دینییەکانەوە ناسیۆنالیزم سەرهەڵدەدات، لە ئەمریکای لاتینیدا لەدوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی ئیسپانی  وپرتوگال دروست بووە، لە خۆرهەڵاتی ناوەراستیش لەدوای هەڵوەشانەوەی عوسمانی و هەڵوەشانەوەی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی و ئینگلیزیدا (پۆست کۆلۆنیاڵ) چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی دروست دەبن، لەدوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتدا (ئیمپراتۆریەتی کۆمەنیستی) چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی دروست دەبن لە دوای ساڵی ١٩٨٩.

قۆناغی ئیمپراتۆریەتی بە درێژایی سەدەی ناوەڕاست تا سەدەی نۆزەمیش قۆناغی ئیمپراتۆریەتە، ئیمپراتۆریەتی گەورە کە زیاد لە گروپێکی ئەتنی و دین زیادا لە زمانێک و میللەتێکی تیدابووە، چوارچێوەی سەرەکی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و دەسەڵاتە ناوچەییەکان بووە، بۆنمونە پەیوەندی نێوان عوسمانی و ئیمارەتە کوردییەکانەوە.

**ئیمپراتۆریەت چییە: بریتیە** لە چوارچێوەیەکی سیاسی یان پەیوەندییەک کە هاوشێوەیی تێدانیە، لەناو هەموو ئیمپراتۆریەتییەکاندا گروپی جیاوازی تێدابووە، شێوازی ڕێکخستنی پەیوەندی جیاوازی تێدابووە، بۆ نمونە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی " **میللەت سیستەمی**" پەیڕەوکردووە، هەموو گروپە دینییەکان بەشێک بوون لەو میللەتە، بۆنمونە مەسیحییەکان بە هەموو گروپە جیاوازییەکانیان و یەهودییەکان بەشێک بوون لەو میللەت سیستەمە، تا سەدەی نۆزدەم نیوەی دانیشتوانی عوسمانی ناموسڵمان بوونە، هەتا لە بەشە دینییەکەشیدا مەسیحی تێدا هەبووە. ئەمانە هەموویان لەناو ئەو سیستەمەدا بوونە، ئەم گروپانە جۆرێک لە سەربەخۆییان هەبووەو ئازادی دینیان هەبووە بەڵام لەبەرامبەر پاراستنیاندا دەبوایە باجیان دابوایە، هەروەها ئەم گروپانە نوێنەری خۆیان هەبووە لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەڵام مافی ئەوەیان نەبووە ببن بە سەرباز یان دەسەڵاتدار یان پۆستی سیاسی(بیروکرات).هەتا لە پەیوەندیشی لەگەڵ ئیمارەتە کوردییەکاندا، ئیمارەتە کوردییەکان جۆرێک لە سەربەخۆییان هەبوو جۆرێک لە حوکمڕانیان هەبووە، بەڵام

لەدوای ساڵی ١٨٣٠ دەسەلاتی عوسمانی هەوڵدەدات دەسەلاتەکانی بە سێنترالی بکات، هەوڵی بە مەرکەزیکردنی دەسەلات دەدەن، هۆیەکەشی ئەوەبوو عوسمانییەکان بۆیان دەرکەو ئەگەر ئەمە نەکەن لەبەرامبەر ئەوروپا لاواز دەبن،بۆ نمونە ناپلیۆن میسر داگیردەکات، دواتر فەرەنسا لە ساڵی ١٨٣٠جەزائیر داگیردەکات، لەهەمان کاتدا لەو بەشە ئەوروپییەی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دابوون بزاڤی ناسیۆنالیزمی سەرهەڵدەدەن کە داوای سەربەخۆیی سیاسی دەکەن.

لەناو چوارچێوەی دەسەڵاتی عوسمانی کوردەکان و عەرەبەکان خۆیان بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەزانی و داوای سەربەخۆیی سیاسیان نەدەکردو ئیمپراتۆریەتییەکەیان قبوڵ بوو.

ئیمپراتۆریەت ئەو چوارچێوەییە کە خەڵک تەماهی لەگەڵدا دەکات و بە شوناسی خۆی دەزانێت.

ناوی دەسەڵاتدارەکانی ئیمپرتۆریەت: سوڵتان- پادشا- خەلیفە- بەڵام لە دەوڵەتدا تەنها سەرۆک هەیە، لە ئیمپراتۆریەتدا پادشا پادشای هەموو ئیمپراتۆریەتە.

فۆرمی ڕێکخستنی سیاسی لە ئیمپراتۆریەتدا بریتی بووە لە پایتەخت یان ناوەندێک لەگەڵ بوونی چەند ئیمارەتێک کە بەسترابوونەوە بە دەسەڵاتی ناوەند، ئەمیر بۆ پادشایەتی ئەمارەتەکان بەکارهێنراوە.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی تری ئیمپراتۆریەت بوونی رەعیەت بوو، **واتە خەڵک ڕەعیەتی *دەوڵەتە،*** خەڵک هاولاتی نییەو ئەو مافانەی نین کە لە هاولاتیبوونی نەتەوەیی باسکراون و دراون بە هاولاتی، هاولاتی تەنیا ئەرکی هەیە، دەوڵەت تەنیا لەسەریەتی بیانپارێزێت. بەڵام دواتر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەیەم کۆتایی بە سیستەمی میللەتی هێناو چەمکی عوسمانیزمی داهێنا، لەمەودوا دانیشتوانی عوسمانی هاولاتی عوسمانین چونکە پێی وابوو چەمکی ڕەعیەت مەترسی بوو بۆ سەر دەسەڵاتی عوسمانی، دواتر بیریان لە دەستووربوونی دەوڵەت کردەوە.

**لە ئیمپراتۆریەتدا کێ بکەری سیاسییە؟** پادشا یەکەم بکەری سیاسییە دواتر ئەمیری ئەمارەتەکان و دواتر وەزیرەکان، بەڵام لە قۆناغی ناسیۆنالیزمدا هەمووان بکەری سیاسین بەڵام لە قۆناغی ئیمپراتۆریەتدا سوڵتان خۆی بە نوێنەری هەموو خەڵک دەزانێت و خەڵک تەنها ڕەعیەتە واتا تەنها شوێنکەوتەیە.

**دین و دەزگاکان:** لە هەموو دینە ئیمپراتۆریەتییەکان دینێکی رەسمی هەبووە بۆنمونە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئیسلامی سوننی شوناسی ئیمپراتۆریەتییەکەیە، دین یەکەم دەستنیشانکردنی شوناسی ئیمپراتۆریەتییەکەیە، بەڵام لە قۆناغی ناسیۆنالیزمدا فۆرمی تری ئینتیما دروست دەبن.

بۆنمونە کورد لەسەردەمی عوسمانیدا لەبەرئەوەی موسڵمانە بۆیە هیچ کێشەیەک نیە بۆ ئیمپراتۆریەت چونکە ئینتیمای هەیە بۆ *عوسمانی* بەڵام لە قۆناغی ناسیۆنالیزمدا خاک و نەتەوەو زمان دەبنە شوناس و ئینتیما بۆ دەوڵەت. لە ئیمپراتۆریەتدا کەمینەی ئەتنی بوونی نەبووە، بۆنمونە کورد لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە بەراورد لەگەڵ تورک و عەرەبدا کەمینەن بەڵام لەبەرئەوەی نەتەوە شوناسی دەوڵەت نیە بۆ کەمینە نین، کوردێک و تورکێک هەردووکیان موسڵمانن و یەک شوناسیان هەیە، ئەو شوناسی موسلمانە کوردی کردۆتە بەشێک لە زۆرینەی دینی ناو ئیمپراتۆریەتییەکە، بەڵام لە قۆناغی ناسیۆنالیزمدا کورد لە زۆرینەیەکی دینیەوە دەبێتە کەمینەکی ئەتنی لەناو کۆمەڵێک دەوڵەتی نەتەوەیی، بۆنمونە کورد لە عێراقدا دەبێتە کەمینە لەبەرامبەر عەرەبدا.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لە نیوەی خاکەکەیدا کە ئەوروپا بوو موسڵمانان کەمینە بوون بەڵام کەمینەیەکی دەسەڵاتداربوون، لەناو ئیمپراتۆریەتدا کەمینە دینە بەڵام لە ناسیۆنالیزمدا کەمینە دەبنە ئەتنی.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئیمپراتۆریەت سوپایە: سەربازەکانی سوپا دەبوایە موسلمان بوایە، هەروەها لەگەڵ ئەو مەسیحیانەی کە بوونەتە موسلمان، شوناسی سوپا هەمان شوناسی دەوڵەتی هەیە، بەڵام شوناسی سوپا لە ناسیۆنالیزمدا جیاوازەو لەناو سوپادا ئەکرێت سەربازان سەربە دین و نەتەوەی جیاوابن.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئیمپراتۆریەت : بیرۆکراسییەت: بیروکراسیەت چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە لەلایەن کەسانێکی دیاریکراوی دەوڵەتەوە، بۆنمونە لە ئیمپراتۆریەتدا تەنها موسلمانەکان بۆیان هەبوو پۆستی سیاسی وەرگرن بەڵام لە قۆناغی ناسیۆنالیزمدا بیرۆکراسیەت گۆرانکاری بەسەرداهات، هەموو کەسێک بەبێ جیاوازی دینی و نەتەوەیی پۆستی سیاسی پیدەردرێت، بۆنمونە لەناو سوپای عێراقیدا کورد هەبوو، مەسیحی هەبوو، موسلمان هەبوو بەبێ جیاوازی.

**سیستەمی خوێندن**: سیستەمی خوێندن لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا فێرگەکان هەموویان دینی بوون بەڵام لە دوای سەدەی نۆزدەمەوە فێرگەی نادینی پەیدابوون لە ئەوروپا، بەڵام لەسەرەتادا فێرگەکان زۆر کراوە نەبوون بەڵکو تەنها تایبەت بوو بە بەرپرسە سیاسییەکان و دەوڵەمەندەکان.

**ئەدەبیات:** لە قۆناغی ئیمپراتۆریەتدا ئەدەبیات بەزمانی ئیمپراتۆریەت بووە، بۆنمونە ئەدەبیات لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا هەندێکی بە تورکی بووەو هەندێکی بە عەرەبی بووە یان فارسی بووە، نووسینی ئەدەبیاتی کوردی بە زمانی سۆرانی لە سەردەمی نالییەوە دەست پێدەکات، بۆنمونە نالی لە شێعرێکدا داوا دەکات سەیری ئەو زمانە نەکەن کە شێعرەکەی پێ نوسراوە بەڵکو

سەیری ناوەرۆکی شێعرەکە بکەن ،زمانی کوردی بەلاوە گرنگ نەبووە زیاتر ناوەرۆکەکەی بەلاوە گرنگ بووە. ئەدەبیات رۆلێکی گرنگی هەبوو لە پەرەپێدانی زمانی نەتەوەیی.

**حاجی قادری کۆیی** بەیەکەم کەس دادەنرێت لە ئەدەبیاتی کوردیدا زمانی کوردی وەکو زمانی نەتەوەیی کورد و شوناسی کورد بەکارهێناوە، حاجی زمانی کوردی لە زمانێکی لاوەکییەوە دەکاتە بنەمای ئەخلاقیات و بنەمای شوناسی نەتەوەی کوردی، حاجی زۆر لەوانە توڕەدەبێ کە زمانی باوکی خۆیان نازانن، ئەڵێت؛ ئەگەر کوردێک زمانی بابی نەزانی موحیقق داکی حیزەو باوکیشی زیناکەرە. زمان دەبێتە سەرەتای دروستبوونی هۆشیاری ناسیۆنالیستی بەڵام ئەمە لەج قۆناغی ئیمپراتۆریەتدا بوونی نەبووە.

**عامە و خاسە:** خاسە ئەو جۆرانە بوون(کەمینە بوون) کە خوێندەوار بوون لەناو ئیمپراتۆریەتدا، کتێبیان نوسیوەو خوێندەواریان هەبووەو سەربە دەسەڵات بوون، بەڵام چەمکی عامە ئەو خەڵکانەن (زۆرینە) کە خوێندەواریان نیەو بە هێزو بازوی خۆیان کاردەکەن.

کاتێک سەیری کتێبی زانایانی ناو ئیمرپراتۆریەت دەکەین ڕقێکی زۆر هەیە بەرامبەر زۆریەی عامە، چونکە پێیان وابوو کەسانێکی گێل و نەخوێندەوارن، تەنها کەمینەی خاسە مەعریفە بەرهەم دێنن دەنوسن، بەڵام عامەی خەڵکی نابێت ببن بە بەشێک لە موناقەشەی مەعریفی، هەروەها خاسەی کەمینە بەزمانێک دەنوسن کە هەموو خەڵک لێیان تێناگەن، عامەی خەڵکی زوو دەخەڵەتێندرێن چونکە نەخوێندەوارن، ئەم دابەشکردنە ماوەیەکی زۆر کاردەکات بەڵام ئەمە لە قۆناغی ناسیۆنالیزمدا کۆتایی دێت دەکەوێت و سیستەمی خوێندن دروست دەبێت هەموان بە یەکە زمان دەنوسن و قسە دەکەن و ئەم جیاوازییە نامێنێت، ئەدەبیات دەبێتە هی هەموو خەڵک و زمانی نەتەوە دروست دەبێت و عامە خاسە بوونی نامێنێت و چەمکی هاوڵاتی دروست دەبێت، دواتر نوخبەی ڕۆشنبیر دروست دەبێت.

***چاوەڕوانی هەڵە:** چەند چاوەڕوانییەکی هەڵە دەرکەوتن لە بارەی چەمکی نەتەوەو ناسیۆنالیزم، بۆنمونە مارکس پێی وابوو دەوڵەتی نەتەوە دروستکراوێکی کاتییە لەسەردەمی سەرمایەداری دروست دەبێت کۆتایی دێت، ئەم تێزە تا هەشتاکانی سەدەی بیستەم باوبوو بەڵام ئێستا کەم مارکسی هەیە باوەری بەم تێزە مابێت، ئەم تێزە ئۆجەلانیش باسی کردووە، بەڵام لەراستیدا دەوڵەتی نەتەوە هەر بەردەوامە، بۆنمونە دەوڵەتی هۆڵەندی گوێ لە خەڵکی هۆڵەندا دەگرێت، لەکاتی کۆڕۆنادا نەتەوە بە قورساییەکی زۆرەوە هاتەوە بۆنمونە تا پێش کۆرۆنا کەس نەیدەزانی سنوور هەیە لە نێوان هۆڵەنداو بەلجیکا بەڵام کاتێک کۆرۆنا هات هۆلەندا سنووری داخست و یەک بەلجیکی بۆی نەبوو بێتە ناو هۆڵەندا.

**مارکس** باوەڕی بە کۆتایی هاتنی سنوورەکان هەبوو، بەلای ئەوەوە چینی بۆرژوازی و چینی پرۆلیتاریا چینی جیهانین و دەکەونە دەرەرەی سنووری دەڵەوتی نەتەوەوە.

**دۆرکهایم:** باس لە گۆرانی هاریکاری دەکات، پێی وایە هاریکاریکردن لە قۆناغی بەر مۆدێرنە هاریکاریکردنێکی میکیانیکییەو خەڵک هەموو یەکتر دەناسن، بنەمای ئەم یەکترناسینە وادەکات هاریکاری یەکتر بکەن، بۆنمونە خەلکی ناوچەیەکی دیاریکراو یارمەتی یەکتر دەدەن، بەڵام بنەمای هاوکاری کردن لەسەردەمی مۆدێرنە ئۆرگانیە، واتا خەلک یەکتر ناناسن بەڵام پێویستیان بە یەکترە، بۆنمونە من کاتێک نەخۆش دەبم دەبێت سەردانی دکتۆر بکەم و وەک چۆن ئەندامەکانی جەستە پێویستیان بە یەک ترە بە هەمان شێوە خەڵک پێویستیان بە یەکترە.

**ماکس ڤیبەر**: باسی پرۆسەی بە عەقلانیکردن دەدات: پێی وایە بەر مۆدێرنە دەسەڵات رەوایەتییەکی سوننی بووە نەک عەقڵانی بۆنمونە شەرعیەتی لە دینەوە وەرگرتووە، بەلام لە قۆاناغی مۆدێرنەوە ئەم ڕەوایەتییە دەبێتە عەقڵانی.

**دەوڵەت و نەتەوە: کامیان کامیان دروست دەکات: دوو تێز هەیە**

تێزێکی کۆن هەیە پێی واتە نەتەوە دەوڵەت دروست دەکات، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە، نەتەوە دەوڵەت دروست ناکات و بزاڤی سیاسیش دروست ناکات، دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات. بزاڤی سیاسی دەوڵەت دروست دەکات و دەوڵەتیش نەتەوە دروست دەکات.

**لە کوێ نەتەوە دروست دەکرێت؟:**

**یەکەم** : لە بازاردا دروست دەکرێت: یەک دراویان هەیە یەک سیستەمی ئابووریان هەیە و یەک بازاریان هەیە یەک سیستەمی باج هەیە.

**دووەم:** سوپا بە تایبەتی لە سەربازی بەزۆریکردن، یەک سوپا هەیە

**سێیەم: قوتابخانە:** یەک سیستەمی خوێندن و یەک زانست

چوارەم: چاپخانە: کتێب ورۆژنامە و ئەدەبیات.

*** ئایا کورد نەتەوەیە؟** ئێمەی کورد لەڕووی سیاسییەوە نەتەوە نین چونکە هیچ چوارچێوەیەکی سیاسی هاوبەش لە هەر چوارپارچەی کوردستان بوونی نیە. ئێمە کێشەیەکمان هەیە بەناوی کێشەی کورد، وەکو کەمینیەک لەناو دەوڵەتدا. لەناو هیچ پارچەیەکی کوردستان چوارچێوەیەکی هاوبەش نیە، هیچ کارێکی پێکەوەیش نیە وەکو یەکێتی ئەوروپا، کورد لەمەدا شکستی هێناوە.

ئیمە تەنها لە ئاستی کولتوری دەکرێت باسی جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی کولتوری بکەین بۆنمونە هەموو کورد ئەحمدی خانی بە مولکی خۆی دەزانێت بەڵام هەموو کورد حیزبی پارتی و بنەماڵەی بارزانی و حیزبی پەکەکە بە مولکی خۆی نازانێت. لە ئاستە کولتورییەکەیدا هەموو کورد دان بە زمانی کوردی دا دەنێن بەڵام لە ئەمە گەشەی نەکردووە بۆ ئاستی سیاسی، مەریوان وریا قانیع باوەری بەو تێزە هەیە کە کورد لە ئاستە سیاسییەکەوە نەتەوە نییە.

HAADI

**زنجیرەی دووەم: دنیای نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوە:**

**نەتەوە چیە؟ چۆنیەتی دروستبوونی؟ لە کوێوە هاتووە؟**

مرۆڤایەتی قۆناغێکی زۆر دوورودرێژی بەر لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم بەڕێکردووە، ناسیۆنالیزم بۆ یەکەم جار لە رۆژئاوا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم و سەرەتاکانی سەدیە نۆزدەم دروست بوو، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و جەنگی جیهانی یەکەمەوە سەری هەڵداوە، مێژووی ناسیۆنالیزم زۆر کورتە، تەمەنەکەی لە دوو سەدەو نیو تێپەڕناکات، لەدوای شۆڕەشی فەڕەنسییەوە ناسیۆنالیزم سەری هەڵداوە، لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتدا خەڵک ڕەعیەت بووە، واتا خەڵک وەکو تاک هیچ مافێکی سیاسی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری نەبووە، ئیمپراتۆریەت دوو فۆڕمی حکومڕانیەتی هەبووە، جۆرێکیان پێکهاتبوو لە ناوەندی ئیمپراتۆریەتییەکە کە پادشاو وەزیرەکانی لێبوو، ئەم ناوەندەش بەسترابووەوە بە فۆڕمی دووەمی دەسەڵاتەکەوە کە پێکهاتبوون لە چەند دەسەڵاتێکی ناوچەیی، دەسەڵاتێکی ئەرستۆکراسی بەهێزو خێزان و ئیمارەت و عەشیرەت. بەڵام لەدوای هاتنی ناسیۆنالیزم ئەمانە هەموویان کۆتاییان دێت.

**دنیای ئەمڕۆ: دنیای نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوە:**

دنیای ئەمرۆ لەهەر سەرێکەوە سەیری دەکەیت بریتین لە دەوڵەتی نەتەوە، ئەم جیهانە لە چەند کێشوەرێک پێکهاتوون و ئەم کێشوەرانەش لە چەند دەوڵەتێکی نەتەوە پێکهاتوون. دەیان سەدە مرۆڤایەتی بەبێ نەتەوەو چوارچیوەی نەتەوەیی ژیاوە بەڵام ئەمرۆ پۆلێنکردنی وڵاتەکان و مرۆڤەکان لەسەر بنەمای نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوە ڕێکخراوە.

لە ئێستادا هەموو خەڵکێک دەبێت سەر بە نەتەوەیەک بێت، هەموو پەیوەندییەکان بریتین لە پەیوەندی نێوان نەتەوەکان جا پەیوەندییەکە سیاسی بێت یان ئابووری، هیچ شتێکی گەورەتر لەسەر نەخشەی جیهانی نابینی گەورەتربێت لە دەوڵەتی نەتەوە، هەتا دەزگا سەرەکییەکانی جیهانیش پێکهاتوون لە نەتەوەکان، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە فۆڕمی تری پەیوەندی بوونی نیە، فۆرمی تریش بۆنمونە **فۆرمی بان نەتەوە** هەیە، فۆرمی نێودەوڵەتی هەیە کە لەسەرووی نەتەوەوە کاردەکات، بەڵام یەکەی سەرەکی دەوڵەتی نەتەوەیە، کاتێک سەیری یاساکانی نێودەوڵەتی دەکەین یەکەی سەرەکی تیاندا بریتین لە سەروەری نەتەوەکان، یاساکان بریتین لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتە نەتەوەکان، دەزگا سەرەکییەکان و حکومەت و پەرلەمان و سوپانیش یەکەی سەرەکی تیایاندا نەتەوەیە. لە بواری ئەدەبیات و مۆسیقاو فیستیڤاڵ و چالاکییە وەرزشییەکان بە

هەمان شێوەیە، بۆنمونە لەبواری ئەدەبیاتدا هۆڵەندا خەڵاتی داناوە بۆ ئەو کەسانەی ئەدەبیاتی هۆڵەندی وەردگێڕنە سەر زمانەکانی تر. خاڵێکی تر ئاڵا دەبێتە نیشانەی جیاکەرەوەی نەتەوەکان، هەموو وڵاتێک سرودی نەتەوەیی تایبەت بەخۆی هەیە وەکو شوناسی نەتەوەیی، هەروەها هەموو دەوڵەتێک مەدالیای سەربازی دەداتە سەربازەکانی وەکو شوناسێکی نەتەوەیی.

هەموو دەوڵەتێک میدیای تایبەت بەخۆی هەیە، رۆژنامەی تایبەت بەخۆی هەیە بەزمانی تایبەتی خۆی، هەمومو ئەمانە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدان لەگەل نەتەوەدا.

کۆمەڵگای نەتەوەیی: هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای نەتەوەیی لە ئاستە نەتەوەکەیدا کاردەکەن.

لەدوای کەوتنی بلۆکی کۆمۆنیزم و تێزی کۆتایی هاتنی مێژوو (فۆکۆیاما)، ژمارەی دەوڵەتەکان زیادی کردووە، کەمی نەکردووە، یەکەی سەرەکی پەیوەندییەکان لە دنیادا بریتییە لە دنیای نەتەوەیی، سەڕەرای ئەمە، کۆمەڵگای مەدەنی نێودەوڵەتی هەیە، بزوتنەوەی ئافرەتان هەیە کە بنکەیەکی لە ئەمستردامە، بنکەیەکی تریشی لە سعودییەیە، هەروەها فۆڕمی وەرزشی بە جیهانبوونیش هەیە وەکو فیفا، هەندێک سوپا سوپای نەتەوەیی نین بەڵکو سوپای جیهانین وەکو ناتۆ، ئەوروپای یەکگرتوو لەسەرووی ئاستی نەتەوەوە کاردەکات، ئەنجومەنی ئاسایش.

سەڕەرای بوونی چەندەها فۆڕمی تری پەیوەندی بەڵام هێشتا نەتەوە یەکەی سەرەکییە لە هەموو جۆرە پەیوەندییە جیاوازەکاندا.

**بەرەو ناسیۆنالیزم: کێشەی پێناس، کێشەی تیۆریزەکردن:**

کێشەیەکی زۆر گەورە لە پێناسەکردن و تیۆریزەکردنی ناسیۆنالیزمدا، هۆکارەکەشی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە چونکە تیۆریزەکردنی ناسیۆنالیزم دواکەوتووە بۆ شەستەکانی سەدەی بیستەم، زۆربەی کتێبەکان لەم بوارەدا لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە نوسراون.

لە سەدەی نۆزدەمەوە هەندێ ڕەئی هەبوون دەربارەی ناسیۆنالیزم بۆنمونە مارکس، ڕێنان بەڵام ئەمە بابەتی ئیشکردنی ئەوان نەبوون و نەبوونە هۆی تیۆریزەکردنی ناسیۆنالیزم، بەشێوەیەکی سیسیتماتیک کاری لەسەر نەکراوە.

تا ئێستا پێناسەیەکی بنبڕ نیە لە زانستە سیاسییەکاندا بۆ ناسیۆنالیزم، کێشەکەش لەوەدایە ناسیۆنالیزم لە چەندەها بواردا بوونی هەیە وەکو: ئەنترۆپۆلۆژیا، زانستە سیاسیەکان، کۆمەڵناسی، سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، جوگرافیناسی، فەلسەفە، هەریەک لەمانە دیسپلینێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام تا ئێستا ڕێککەوتنێک نیە لەسەر پێناسەکردنی نەتەوە.

**نەتەوە چیە؟ سێ کۆمەڵە تیۆرە لە پێناسەکردنی نەتەوەدا:**

**هەریەک لەم تیۆریانە پشت بە ڕەگەزو هۆکاری جیاواز لەیەکتر دەبەستن.**

**کۆمەڵەی یەکەم:** پێداگرتن لەسەر ڕەگەزە بابەتییەکان: پێداگیری لەسەر ئەو ڕەگەزانە دەگرێت لە دەرەوەی ویستی تاک خۆیدا. نەتەوە دەبێت ئەم ڕەگەزانەی تێدابێت(پێش مەرجی بوون بە نەتەوە)؛ بوونی خاکی هاوبەش، زمانی هاوبەش، ئابووری هاوبەش، کەلەپوورو فەرهەنگی هاوبەش. نوێنەری ئەم **تیۆریایە ستالینە**.

بەڵام کێشەی ئەم تیۆریایە ئەوەیە مەرج نیە هەموو نەتەوەیەک ئەم ڕەگەزانەی تێدابێت، بۆنمونە نەتەوە هەیە زیاتر لە زمانێک قسەدەکەن بۆ نمونە سویسرا، دەوڵەت هەیە ئابووری هاوبەشی نیە، بۆنمونە لە عێراقدا، دهۆک پەیوەندی ئابووری لەگەڵ تورکیادا هەبووە، بەسرە پەیوەندی ئابووری لەگەڵ خەلیجدا هەبوو، کەواتە ئابوورییەکی هاوبەش بوونی نیە.

**کۆمەڵەی دووەم: پێداگرتن لەسەر ڕەگەزە خودییەکان:**

ئیرادەی هاوبەش: بۆنمونە کۆمەڵێک بیانەوێت دەوڵەتێکی عەلمانی دابنێن تیایدا ژن و پیاو یەکسان بن بەڵام کۆمەڵەیەکی تر بێن دەوڵەتێک دابمەزرێنن ژن و پیاو یەکسان نەبن وەکو داعش.

خواستی هاوبەش: بۆنمونە ئەگەر حیزبی پارتی بیەوێت دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێت بەڵام خواستی هەموو گەلی کوردی لەسەربێت.

ئازاری هاوبەش: بۆنمونە کۆمەڵکوژی جولەکەکان نەبێتە خەمێکی هاوبەش لە ئەڵمانیا، زەحمەتە بەپێی ئەم تیۆریایە ئەڵمان نەتەوە نیە، یان ئەگەر ئەنفال نەبێتە خەمی هەموو کوردێک زەحمەتە بەکورد بڵێین نەتەوە

ئومێدو چاوەڕوانی هاوبەش، یادەوەری: یادەوەری هاوبەش بۆنمونە هەندێ یادەوری لەبیربکرێت و هەندێکیشی بەردەوام لە یادەوەریماندا بمێنێتەوە، بۆ نمونە لە کوردستاندا نابێت پێداگیری لەسەر شەڕی ناخۆیی بکرێتەوە چونکە دەبێتە هۆی دابەشکاری زیاتر بەڵام ئەکرێت پێداگیری لەسەر ئەنفال بکرێت چونکە دەبێتە هۆی یەکگرتنی کورد.

یەکێک لەو کەسانە باسی ئەم تیۆریایەی کردووە بریتییە لە ئارنست ڕینان: ئارنست پیاوێکی فەرەنسییە کتێبێکی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم نوسیوە دەربارەی نەتەوە، **دەڵێت:** نەتەوە گروپێکی ئەخلاقییە، جۆرێکە لە هاریکاری کە هۆشیارییەکی مێژوویی تایبەت و ئیرادەی سیاسی دەیپارێزێت.

ڕێنان پێی وایە: نەتەوە ڕاپرسییەکی ڕۆژانەیە *Daily plebiscite* نەمر نیە، دەشێت بمرێت و کۆتاییپێبێت. واتا هەموو بەیانیەک کە هەڵدەستی دەبێت پرسیار لەخۆت بکەیت ئایا تۆ سەر بەو نەتەوەی یان نا؟ تەنانەت ئەگەر نەتەوە هەموو ڕەگەزە بابەتییەکانی هەبێت بەڵام ڕەگەزە خودییەکانی نەبێت ئەوا دەکرێت بمرێت و نەمێنێت.

**کۆمەڵەی سێیەم:**

ناکرێت یەک پێناسە هەبێت بۆ نەتەوە، نەتەوە تێکەڵێکە لە هەردوو ڕەگەزەکە.

ماکس ڤیبەر وەک نمونە، ماکس ڤیبەر دەڵێت: نەتەوە کۆمەڵەیەکی بە هەیبەت یان فەخربەخش *prestige community* هەست دەکات خاوەنی پەیامێکە، ئەمە ڕەگەزێکی خودییە، خەڵک هەست دەکەن وەکو نەتەوەیەک هیچیان کەمتر نیە لە نەتەوەکانی تر.

ماکس ڤیبەر پێی وایە لە پشت هەموو نەتەوەیەکەوە گروپێکی ئەتنی هەیە، گروپی ئەتنی پێی وایە زمان و کولتورێکی جیاوازی هەیە بەڵام هیچ هۆشیارییەکی سیاسی نییە بۆ سەربەخۆیی، هەموو نەتەوەکان بناغەیەکیان هەیە ئەویش گروپی ئەتنیە، ئەم گروپە پێی وایە خاڵی هاوبەش و مێژووی هاوبەشی هەیە، یەک ئەفسانە هەیە دەربارەی ڕەچەڵەکی خۆیان، خاوەنی یەک پرۆژەی سیاسین.

نەتەوە تەنها ئابووری دروستیناکات، بەڵکو هەستیش بەشدارە لە دروستکردنیدا.

* مەریوان وریا قانیع پێی وایە: نەتەوە وەکو شەپۆل وایە، لە هەندێ قۆناغدا ڕەگەزی بابەتی گرنگن بۆ دروستبوونی، لە قۆناغێکی تردا ڕەگەزی خودی گرنگن، بۆنمونە لەناو کوردا سەردەمێک زمانی هاوبەش، دابەشکردنی پارچەکانی کوردستان گرنگ بوون، بەڵام ئەم ئێستا ڕەگەزی خودیش گرنگن بۆنمونە بوونی ئیرادەو ویستی هاوبەش گرنگن. لە ئێستادا هەرێمی کوردستان دوو پارچەیە، بەڵام لەسەردەمانێک سێ پارچە بوو، پارچەیەکی لە ژێردەستی ئیسلامە سیاسییەکاندا بوو.

**نەتەوە: کۆمەڵەیەکی سیاسیی مۆدێرنە:**

بەر لە قۆناغی نەتەوەدا چەندەها کۆمەڵەی سیاسی هەبوون، بۆ نمونە لە یۆنانی کۆندا، دەوڵەت شار هەبوونە بەڵام دانیشتوانەکەی نەتەوە نەبوون.

لە هیندی کۆندا، ئاغایەتی یان پادشایەتی هەبووە بەڵام نەتەوە نەبوون.

لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانیدا، پادشای لۆکالی و دەرەبەگ و ئەرستۆکراتیەتی بەهێز هەبوون.

سیستەمی خەلافەت، ئیمارەتی ناوچەیی، دەسەڵاتی دەرەبەگی،ئەمانە هیچیان بە مانا مۆدێرنەکەی نەتەوە نەبوون.

**نەتەوە چەمکێکە جیاوازە لە:**

چین، چین لای مارکس ئەوانەن کە لەیەک تەبەقەی بەرهەمهێناندان، بەڵام نەتەوە زیاد لە یەک چینێکی تێدایە، زیاد چینێکی بەرهەمهێنی تێدایە.

هەروەها نەتەوە جیاوازە لە ناوچە، ئیقلیم. جێندەر، گروپ و کۆمەڵەی دینی.

نەژاد *RACE*: بۆنمونە نەژادی ڕەش یان نەژدی سپی، ئەکرێت هەردوو نەژادەکە سەر بە یەک نەتەوە بن.

**نەتەوە لەناو کولتوری مۆدێردندا نەک لەناو خوێندا، ئارنست گێلنەر:**

گێلنەر کتێبێکی هەیە بەناوی "نەتەوەو ناسیۆنالیزم" کتێبێکی حەفتا لاپەڕەیە، کتێبەکەی مەنهەجی زۆبەی ئەو زانکۆیانە کە باسی ناسیۆنالیزمی تێدایە.

گێلنەر دەڵێت: نەتەوە بەشێکە لە دنیای مۆدێرن، ئەوەی کە نەتەوە دروست دەکات پرۆسەی نوێبووونەوەیە (مۆدێرنەیە) نەتەوە لە ئەنجامی پرۆسەی بە پیشەسازکردندا دروست دەبێت لە جیهاندا.

مێژووی جیهان بۆ سێ جۆر دابەش دەکات:

**یەکەم: قۆناغی بەر لە کشتوکاڵ**: کە تیایدا خێڵ و گروپی بچوک بچوک دروستبوون، هێشتا مرۆڤایەتی نیشتەجێ نەبونە لە شوێنێکی دیاریکراو، لەو قۆناغەدا نەتەوە بوونی نەبووە.

**دووەم: قۆناغی کشتوکاڵی:** ئەمە قۆناغێکی دوورودرێژە لە مێژووی مرۆڤایەتی، دیارترین فۆڕمی سیاسی تیایدا بوونی ئیمپرارتۆریەتەکانە وەکو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، عوسمانی.

**سێیەم: قۆناغی پیشەسازی:** لە سەدەی حەڤدەمەوە دەست پێدەکات، لەناو ئەم قۆناغەدا ناسیۆنالیزم سەرهەڵدەدات، لە ئەنجامی بە پیشەسازکردندا نەتەوە دروست دەبێت، لەم قۆناغەدا تاک لە دایک دەبێت و تاک لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا خۆی قەتیس ناکات، نەپێی خواستە ئابوورییەکەی شوێنی خۆی دەگۆڕێت، کۆمەڵگای پیشەسازی بازاری گەورە دروست دەکات،ئەمەش پێویستی بە دەستێکی کاری زۆر هەیە، چونکە کارگەکان لەناو خودی ئەو شارەی تێیدابوو دەستی کاری تەواوی نەبوو بۆئەوەی لەناو کارگەکەدا ئیش بکات بۆیە خەڵکی گوندەکان دەهاتن لەم کارگانە ئیشیان دەکرد.

له فۆڕمی پیشەسازیدا تاکێکی مۆبیل دروست دەبێت واتا کەسەکە دەجولێت و دەچێتە شوێنێکی تر بۆ کارکردن ئەم گواستنەوەشی وای لێدەکات پەیوەندی لەگەڵ خێڵەکەی یان بنەماڵەی لاوازبێت، جۆرێکی تر لە پەیوەندی جێگەی ئەم پەیوەندییە خێڵەکییە دەگرێتەوە ئەویش ئەو پەیوەندییە کە لەناو پرۆسە پیشەسازییەکە بۆی دروست دەبێت، هەرچەندە لە خێڵەکەی خۆی دادەبڕێت بەڵام پەیوەندی لەگەڵ کەسانێکی تر دروست دەکات کە لەخۆی دەچن وبەیەک زمان قسە دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاوێتەبوونی تاکە جیاوازەکان، ئەم ئاوێتەبوون و ئامێزانبوونە دەبێتە هۆی دروستبوونی نەتەوە کە لە خێڵ و قەبیلە گەورەترە، ئەمجارە تاکەکە ئینتیمایەکی گەورەتری بۆ دروست دەبێت لەوەی پێشووتری ئەویش ئینتیمای نەتەوەیە.

کۆمەڵگای پیشەسازی پێویستی بە سیستەمی خوێندن و فێربوونی مۆدێرنەوە هەیە، لە پیشەسازیدا تاک مامەڵە لەگەل ئامێر دەکات، کاتێکیش ئامێرێک خراپ دەبێت پێویستە تاکەکە لە فێرگە فێری بەکارهێنان و چاککردنەوەی ئامێرەکە بکرێت. لەم سیستەمەدا هەموان بە یەک زمان دەخوێنن و یەک زانیاری فێردەبن، ئەمەش وادەکات کولتورێک دروست ببێت کە جێگەی پەیوەندی خوێن بگرێتەوە کە پێشتر تاکەکە دەیبەستەوە بە خێڵەکەی. جاران پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی خوێن و ناوچەیی بوو بەڵام ئێستا کولتور جێگای ئەم پەیوەندییەی گرتۆتەوە.

گێلنەر پێی وایە لە قۆناغی کۆمەڵگای پیشەسازیدا بکەرێکی سیاسی دروست دەبێت بەناوی هاوڵاتی *citizenship* کە خاوەن ماف و ئەرکی یەکسانە، دەبێتە بنەمای ئەو ئامێزانبوونەی کۆمەڵگا لەناو نەتەوەدا، بەبێ ئەو یەکسانییە زۆر زەحمەتە ئەو ئامێزانبوونە دروست ببێت.

*یەکێک لە کێشەکانی نەتەوە لای ئێمە نەبوونی یەکسانییە، بۆنمونە هۆڵەندییەک بەئەندازەی سەرکی هۆڵەندا یەکسانە، بۆنمونە ئەگەر تاکێک نیوەی هۆڵەندییەو نیوەکەی تری کوردە دەتوانێت خەون بە بوون بە سەرۆکی هۆڵەندا بخوازێت، چونکە هاوڵاتی یەکسانییە، ڕەنگە نەشبێت بۆنمونە ئەگەر بچێتە نێو پڕۆسەی سیاسیەوە ئەگەر بزانن باوکی کوردە، ڕێگری لێبکەن لەوەی ببێتە سەرۆک وەزیران، بەڵام لە پڕۆسەی سەرەتا هەست بە یەکسانی دەکات.

گێلنەر پێی وایە ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی هەیە لەناو نەتەوەدا کە وا لە هاوڵاتی دەکات هەست بە کەرامەت و خودڕێزی بکات، هەست دەکات هاوڵاتی پلە دوو نییەو ژێر دەستە نییە.

پێی وایە نەتەوە پارێزگاری لە پلۆرالیزمی مرۆڤایەتی (هەمەچەشنی لە بیروڕای سیاسی) و لیبرالیزمی دەکات لە جیهاندا، چونکە ئەگەر یەک دەوڵەت هەبێت لە جیهاندا جگە لە ستەمگەری هیچی تر دروست نابێت، لەبەرئەوە دابەشبوونی جیهان بۆسەر ئەم هەموو نەتەوانە هەمەچەشنیەتی دروست دەکات و جیهان لە دیکتاتۆریەتی دەپارێزێت، بۆیە لە ئەلتەرناتیڤی نەتەوەکاندا حکومەتی نادیموکراسی و دیکتاتۆری دروست دەبن.

گێلنەر پێی وایە مەرج نییە شۆڤێنیزم *chauvinism* بنەمای نەتەوە بێت، بەڵام ئەکرێت فۆرمێک بێت لە فۆرمەکانی تەعبیرکردن لە نەتەوە، بەڵام پەیوەندییەکی حەتمی نیە لە نێوانیاندا.

*شۆڤێنیزم واتا پێداگرتنێکی پەرگیرانە لەسەرئەوەی نەتەوەکەی تۆ لە نەتەوەکانی گرنگترەو باشترەو زمانەکەی باشترە، خەڵکانی تر بە کەمتر لەخۆت بزانیت.

**نەتەوە لەناو کولتوری مۆدێرندا نەک لە خوێندا- بەنەدیکت ئەندرسۆن**

نەتەوە " کۆمەڵەیەکی لە خەیاڵدا دروستکراوە" ی سیاسییە یاخود جڤاکێکی خەیاڵکراوە *imagine community*، واتا نەتەوە لە خەیاڵدا هەیە، چونکە پێی وایە هیچ نەتەوەیەک نییە تاکەکانی هەموویان یەکتر بناسن بەڵام هەمووان لە خەیاڵی خۆیاندا ئەوە دەزانن ئەندامی سەر بەو نەتەوەیە هەیە لە شوێنی تردا، بۆنمونە من لە هەولێرم کوردم بەڵام لە خەیاڵی خۆمدا ئەوە دەزانم کەسانی تریش هەن کوردن لە شارێکی وەکوسلێمانی.

بەلای ئەندرسۆن نەتەوە سنووردارە چونکە هیچ نەتەوەیەک نیە خۆی یەکسان بکات بە هەموو نەتەوەکانی جیهان چونکە دەزانێت جگە لەو نەتەوەی تریش هەیە، هەروەها نەتەوە یەکەیەکی سیاسیە، واتا داواکاری سیاسی هەیە، داواکاری سیاسیش ئەوەیە نەتەوە داوای سەربەخۆیی دەکات بەڵام سەربەخۆیی سیاسی هەموو کات بە مانای جیابوونەوە نایەت لە دەوڵەتێک یان دروستکردنی دەوڵەتێک، ئەکرێت هەندێ جار بۆ داواکردنی ئۆتۆنۆمی بێت یان بۆ داواکردنی فیدراڵی بێت، بۆنمونە کوردەکانی باکووری کوردستان داوای جۆرێک لە سەربەخۆیی ئۆتۆنۆمی بکەن لە تورکیا نەک داوای دروستبوونی دەوڵەتێک بکەن. ئەندرۆسۆنیش پێی وایە نەتەوە لە جیهانی مۆدرێرنە دروست دەبێت بەڵام کەمتر باسی ئابووری دەکات، زیاتر باسی کولتور دەکات، رۆلی دروستبوونی کەلتور لە نەتەوە، هەروەها رۆژنامە رۆلێکی زۆر گرنگی هەیە لە دروستبوونی نەتەوە چونکە هەموو رۆژیک خەڵک بە یەک زمان دەخوێننەوەو یەک وتاری سیاسی دەخوێننەوە، وەکو نوێژی بەیانیان وایە، ئەمەش دەبێتە دروستبوونی هەستێکی گشتی بۆ نەتەوە. بەلای ئەندرسۆنەوە ئەو فۆرمی سەرمایەدارییە لە نەتەوەدا ئینتەرناسیۆنال نیە ناتوانێت لەسنووری زمانە نەتەوەییەکاندا بمێنێتەوە، بۆنمونە لەسەدەی نۆزدەمەدا کاتێک رۆژنامەیەک دەردەچوو تەنها لە سنووری جوگرافیای ئەو زمانەدا رۆژنامەکە دەخوێنرایەوە بەڵام ئێستا وایە نیە، بۆنمونە زمانی ئینگلیزی بەشێکە لە زمانێکی سەرمایەداری ئینتەرناسیۆنال، ئەگەر بە زمانی ئینگلیزی کتێبێک بنوسرێت لە هەموو جیهاندا دەخوێندرێتەوە.

کاتێک زمانێکی نەتەوە دێتە ئاراوە ئیتر کۆتایی بە زمانە گەردوونییەکانی تر دێن چیتر بەکارنایەن بۆنمونە کاتێک نەتەوەی ئەڵمان و فەرەنسا دروست دەبن چیتر زمانی لاتینی بەکارنایەت، کاتێک زمانی کوردی بەکاردێ چیتر زمانی عەرەبی بەکارنایەت.

باسی ڕۆڵی قاموس دەکات لە دروستبوونی نەتەوەدا، بۆنمونە یەکەم قاموسی کوردی قاموسی ئەحمەدییە کە قاموسێکی کوردی عەرەبییە، ئەندرسۆن دەڵێت کاتێک دوو زمان دەچنە ناو قاموسێکەوە هەردوکیان یەکسان دەبن و هەمان بەهایان هەیە.

هەروەها ئەندرسۆن باسی رۆلی نەخشەو سەرژمێری دانیشتوان و ئەرکیۆلۆژیا، ڕێگا، شەمەندەفەر دەکات لە دروستبوونی نەتەوە.

سەرژمێری: بۆنمونە ئێمە نازانین کورد لەسەردەمی بابان چەند کەس بوون، بەڵام کاتێک ئامار دێت، قەبارەی نەتەوەکان دەردەخات، دەری دەخات نەتەوە تەنها دوودسەد خێڵ نیە بەڵکو ملیۆنەها خەڵکە.

ئەندرسۆن پێی وایە کاتێک نەتەوەکان دروست دەبن دینەکان دەکەونە مەترسییەوەو دینەکان وردە وردە شوناسی خۆیان لە دەست دەدەن، دواتر پرۆسەی بە عەلمانیبوونی جیهان دێتە ئاراوە، نەتەوە نەمریش دروست دەکات، بۆنمونە لە پێناو نەتەوە بمرە ئیتر لەناو دڵی نەتەوەدا دەمێنیتەوە، جۆرێکە لە چارەسەرێک بۆ مردن.

ئەندرسۆن پێی وایە دەوڵەتی نەتەوە یەکەم جار لە ئەمریکای لاتیندا دروستدەبێت، دواتر دەگوازرێتەوەو کۆچ دەکات بۆ هەموو جیهان، دواتر دەچێتە ناو کۆڵۆنیالیزم، هەندێکیشی کۆڵۆنیالیزم خۆی دروستی دەکات و کۆتایی بە ئیمپراتۆریەتییەکان بێنێت.

*زۆرجار ناسیۆنالیزم یەکسان دەکرێت بە فاشیزمەوە، لەکاتێکدا ئەمە دوورە لە زانستەوە، تەنها بۆچۆنێکەو ئەکادیمی نیە.

**ناسیۆنالیزم چەمکێکی بێ لایەنە، دوو پێناسە هەیە بۆ ناسیۆنالیزم:**

**یەکەم: پێناسەیەکی کولتوری:** کە پێی وایە نەتەوە زمان و کولتوری جیاوازی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمە ئەم جۆرە لە پێناسەیە کێشەی زۆری دروستکردووە لە مێژوودا، بووەتە هۆی کۆمەڵکوژییەکانی وەکو هۆلۆکۆست و کورد، چونکە کاتێک نەتەوەیەک بەم جۆرە پێناسەی خۆی دەکات دەیەویت جیاوازییە کولتورییەکانی خۆی بسەپێنێت بەسەر کولتورێکی ترداو تەنها جیاوازییە کولتورییەکانی خۆی پێ راستە.

**پێناسەی دووەم بۆ ناسیۆنالیزم:** نەتەوە یەکەیەکی سیاسییە؛ واتا هەرکاتێک ئەو پرەنسیپانەی کە دەوڵەتەکە دەبات بەڕێوە قبوڵت کرد ئەوا دەبییە ئەندامی ئەو نەتەوەیە، بۆنمونە تۆ ئەگەر بتەوێت ببیە هۆڵەندی پێویست ناکات وەکو ئەوان نان بخۆیت و وەکو ئەوان بیربکەیتەوە، یان پێویست ناکات خوێنی هۆڵەندی هەبێت یان هاوسەرگیری بکەیت لەگەل هۆڵەندییەک، ئەوەی تۆ دەکاتە هۆڵەندی بوونی دەستوورێکی سیاسییە کە کۆمەڵە پرەنسیپێکی سیاسی تێدایە، ئەگەر ئەم

پرەنسیپانەت قبول نەبێت نابیتە هۆڵەندی، بۆنمونە لە دەستووری هۆڵەندا هاتووە: هەموو هاولاتییەک یەکسانە، هەموان ئازادن لە ڕادەربڕیندا بەلام ئەگەر تۆ بچیت لە هۆڵەندا بڵێیت من باوەڕم بە ئازادی و یەکسانی نیە، لەسەر ئەم ئەساسە ئیشت کرد جێت نابێتەوە لەم کۆمەڵگایە.

*چەمکی نەتەوە چەمکێکی بێ لایەنە بەلام دەتوانی بەناوی نەتەوە کۆمەڵکوژی بکەیت، یان وەکو تورکیا کە نەتەوەیەکی ئیتنییە تەنها ئەوانەی قبوڵە تورکن و دەبێت هەموان ببن بە تورک، لە هەمان کاتیشدا دەکرێت نەتەوەی وەکو فەرەنسا یان ئەڵمانیای پێ دروست بکرێت.

نەتەوە بریتی نیە لە پارتە سیاسییەکان بەڵکو بریتییە لەو دەستوورەی کە هەموو هاولاتیان قبوڵیانە.

نەتەوە کاتێک دروست دەبێت بیەوێت کۆتایی بە دەسەلاتی ئیمپراتۆریەت بێنێت، دواتر بیەوێت گەورەتربێت لە دەسەلاتە لۆکاڵییەکان.

تاکو ناوەڕاستی ساڵەکانی سی سەدەی بیستەم بەشێکی زۆری خەڵکی فەرەنسا لەزمانی فەرەنسا تێنەگەیشتوون.

*شەرم و خەجاڵەت نەتەوە: هەندێ سنوور هەیە نابێت بشکێندرێت، ئەگەر شەرم نەبێت هەموو سنورەکان دەشکێندرین، بۆیە ئەگەر لە نەتەوەشدا شەرم و ئەخلاق نەبێت ئیتر ئەو کۆمەڵگایە نەتەوەییە خەیاڵکراوە دروست نابێت لەناو دەوڵەتدا. نەمانی شەرم لە سیاسەتدا قەیرانێکی گەورەی دروست کردووە لە کوردستاندا، سیاسییەکان هیچ شەرم ناکەن لەو گەندەڵییەی ئەنجامی دەدەن.

گێلنەر دەڵێت: هیچ شتێک لەوە ناخۆشترنییە یەک حکومەت و یەک زمان و یەک نەتەوە هەبێت، فۆرمێک لە پلورالیزم هەیە کە بریتییە لە بوونی نەتەوەو چین و حکومەتی جیاواز. ئەکرێت فۆڕمێک لە نەتەوە هەبێت بکوژبێت وەکو تورکیا، لە هەمان کاتدا ئەکرێت فۆڕمێکی تر هەبێت لە نەتەوە زۆر کراوەبێت وەکو بەلجیکا و سویسرا.

***ئایا دەوڵەتی نەتەوە لە قەیراندایە؟** لەم جیهانەدا هەموو شتێک لە قەیراندایە، ژینگە، نەتەوە لە قەیراندایە بەلام ئایا ئەلتەرناتیڤەکە چیە؟ تێزێکی ئۆجەلان هەیە باس لەوە دەکات ئێمە دەوڵەتی نەتەوەمان ناوێت بەڵکو دەوڵەتی خۆژێن یاخود دەوڵەتی کۆنفیدراڵ دیموکراتمان دەوێت، بەپێی ئەم تێزە لە خوارەوە ئۆرگان دروست بکرێت و هەریەک لەم ئۆرگانانە نوێنەری خۆیان هەبێت لەسەرەوە، واتا لەجیاتی ئەوەی دەسەلاتەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوەبێت، لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە، هەموو چینەکان لەخۆبگرێت بۆنمونە ژنی تێدابێت، نەتەوەکانی تێدابێت، پرۆژەیەکە تەنیا لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە بەلام لە ڕاستیدا ئەمەی ئەم فۆرمە دەبات بەڕێوە هێزێکی دیموکرات نییە، زۆربەی بڕیارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە قەندیلەوە دەدرێن نەک لە ڕۆژئاوا.

ئەم فۆڕمە لەو جوگرافیایە تەسکەی کە هەیە ناتوانێت ببێتە جێگرەوەی دەوڵەتی نەتەوە لە جیهاندا، کە هەموو جیهانی لەسەر بیناکراوە، بە هەموو قەیرانەکانەوە تا ئێستا هیچ ئەلتەرناتیڤێک نییە بۆ نەتەوە کە تیادا شایەنی ژیان کردن بێت.

ژیژەک دەڵێت؛ دنیای ئەمرۆ کێشەکانی ئەوەندە زۆرن و قەیرانەکان ئەوەندە زۆرن بەو تێزە تەسک و بچوکانەوە چارەسەرنابن بەڵکو جیهان پێویستی بە ئۆرگانی گەورە هەیە کە بتوانرێت کۆنترۆل بکرێت و لەهەمان کاتدا ئەم ئۆرگانانە بەگژ ئەم قەیرانانەدا بچنەوە.

دنیای ئەمرۆ ئەوەندە ئاڵۆزە بەم تێزە بچوکانە چارەسەرنابن، لە خوارەوە کۆمەڵگایەکی یۆتۆپی و خەیاڵی دروست بکەین.

*فیکری ناسیۆنالیزم جەخت لەسەر جیاوازییە نەتەوەییەکان دەکاتەوە بۆنمونە مۆسیقای کوردی خاڵی لێکچوونی هەیە لەگەڵ مۆسیقای تورکی بەڵام لێکیش جیاوازن، کردنی ئەم جیاوازیانە بۆ دروستکردنی شوناس کێشە نیە بەڵام چ شوناسێک؟ بۆنمونە ئەگەر بیکەیتە شوناسێک پێت وابێت تۆ لە هەموو نەتەوەکان بەرزتری و زیاتری، بەڵام ئەگەر پێگەیەکی کولتوری بەخۆت بدەیت و پێت وابێت تۆش کەمتر نیت لە نەتەوەکانی تر، ئەمەیان لۆژیکییە.

*زۆر دەگوترێت دینی ئیسلام تەنیا بۆ عەرەب هاتووەو دینی ئەسڵی کورد زەردەشتییە، بەڵام ئەم تێزە بە درێژایی چواردە سەدە بوونی نەبووە، هەموو نوسەرەکان و ئەدیبەکانی کورد تا سەدەی بیستەم نوسەر دینین، وەکو مەولەوی، خانی، ئەگەر کولتوری ئیسلامی لێ دەربێنین هیچی لێنامێنێتەوە، لەبەرئەوە ئیسلام بووەتە بەشێک لە شوناسی ئێمە، جا پێت خۆش بێت یان پێت ناخۆش بێت، سیکۆلاربیت یان ناسیکۆلار، بەوە ڕزگارمان نابیت بەوەی کە بچینەوە سەر ئاینی زەردەشتی، بەوە ڕزگارمان دەبێت وایان لێ بکەیت باوەر بە پلورالیزم و ئازادی رادەربرین و مافی مرۆڤ بێنن. بەوە رزگارمان دەبێت ببین بە بەشێک لە جیهانی ئەمڕۆ.

**زنجیرەی سێیەم: ناسیۆنالیزم چییە؟**

ئایا ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایە؟ یاخود پرەنسیپێکی سیاسییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دوو کۆمەڵە هەن: یەکەمیان پێی وایە ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیایە، کۆمەڵەی دووەمیش پێی وایە ناسیۆنالیزم پرەنسیپێکی سیاسییە.

**ئێلی کێدوری ١٩٢٦– ١٩٩٢:** یەکێکە لەوانەی باوەڕی وایە ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایە. ئێلی عێراقییەکی جولەکەیە، کتێبێکی گرنگی لە نۆهەتەکان بڵاوکردۆتەوە، کە پێی وایە ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایە، لەدوای تێکچوونی پێگەی جولەکەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەچێتە بەریتانیاو لەوێ دەبێتە پرۆفیسۆر. لەو کتێبەدا نەتەوە وەکو ئایدۆلۆژیا مامەڵە دەکات، ئەو میتۆدەی بەکاری دێنێت لە کتێبەکەیدا بریتیە لە *intellectual history* واتا نوسینەوەی مێژووی فکر،وەکو ڕەوتێکی فکری مامەڵە دەکات، لە ڕەوتێکی فکریدا گەشە دەکات و دەبێتە نەتەوە. بەڵام لە پێشتردا باسمان کرد نەتەوە ناچێتە ناو مێژووی فکرەوە بەڵکو دەچێتە ناو مێژووی سیاسی و کۆمەڵناسی و ڕەمزی و ڕۆژنامەو ئەدەبیاتی ئەوروپا خۆی دەبینێتەوە.

ئێلی پێی وایە ناسیۆنالیزم دەرەنجامێکی هەڵەیە لە بیرکردنەوە لە دنیای مۆدێرندا ڕەگ و ڕیشەی لەناو فەلسەی ڕۆشنگەریدایە، بۆئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لای کانت، کانت چەمکێک بەکاردێنێت بەناوی *self determination* دەستنیشانکردنی چارەنوس، کانت پێی وایە ڕۆشنگەری تاکێک دروست دەکات خۆی دەست نیشانی چارەنوسی خۆی دەکات، خۆی پێ لەسەر سەربەخۆیی عەقڵ دادەگرێت، خۆی خاوەنی ئابووری خۆیەتی، خاوەنی ئەخلاقی خۆیەتی، تاک خاوەن عەقلی خۆیەتی و دوورە لەهەر چاوساغێک یان چاودێرێکی دینی، خۆی دەستنیشانی ئەوە دەکات چ جۆرە شوناسێک بەرهەمبهێنێت، خۆی ئەخلاقی خۆی دیاری بکات، ئەم چەمکە لای کانت چەمکێکی گەردوونییە (دەستنیشانکردنی چارەنوس). لای هیردەرو فیختەو کانت نەتەوە دەبێتە بوونەوەرێکی سەربەخۆ، خۆی چارەنوسی خۆی دیاری دەکات، خۆی ئەخلاقی دیاریکراوی هەیە، ئەمە لای ئێلی دەبێتە بنەما بۆ دروستبوونی نەتەوە. ئێلی زۆر دژی ناسیۆنالیزمەو پێی وایە لە دەرەنجامی هەڵەی بیرکردنەوە دروست بووە ، چونکە کانت باسی تاکی کردووە نەک کۆمەڵگا، بەڵام دواتر لە ئەنجامی هەڵەیەک لە بیرکردنەوە نەتەوە لە تاکەوە گواستراوەتەوە بۆ ناو کۆمەڵ و بووەتە ئایدۆلۆژیا، لە چەمکێک گەردوونییەوە گواستراوەتەوە بۆناو کۆمەڵگاو دەکرێتە چەمکێکی زۆر تایبەت، ئەم گەردوونی بوونە لە چەمکەکە دەستێنێتەوەو دەیکاتە چەمکێکی تایبەت.

بۆیە ئێلی پێی وایە ناسیۆنالیزم بەرهەمی ئەو هەڵەییە کە لە فیکردا کراوەو دواتر دەبێتە ئایدۆلۆژیایەکی ناعەقلانی ،ئێلی زۆر دژی ناسیۆنالیزمەو پێی وایە ناسیۆنالیزم نەخۆشییەکە

توشی مرۆڤایەتی هاتووە، لەسەر بنەمایەکی پەرگیرانەو نارسیستیانە( خۆ ویستی) دامەزراوە، هەموو ئەو نەتەوانە پشت گوێ دەخات کە لەخۆی ناچن، بەڵام پێی وایە ئەم نەخۆشییە دەکرێت چارەسەر بکرێت، ئەویش لە ڕێگای خوێندنەوە دەکرێت منداڵەکان فێری ئەوە بکرێن کە دژی ناسیۆنالیزم بن. ئێلی پێی وایە ناسیۆنالیزم دەرەنجامی خراپی هەبووە بۆ مرۆڤایەتی، بۆ نمونە هەڵگیرسانی هەردووک جەنگی جیهانی بەهۆی ئایدۆلۆژیای نەتەوە هەڵیگرسان و بوونە هۆی کوشتننی هەزارەها کەس.

**کۆمەڵەی دووەم: باوەڕی وایە ناسیۆنالیزم پرەنسیپێکی سیاسییە:**

**ئێرنست گێلنەر ١٩٢٥- ١٩٩٥:** لای گێلنەر نەتەوە لە ئەنجامی بە پیشەسازبوونی دنیا دروست دەبێت، بەلای گێلنەر نەتەوە لە ئەنجامی هەڵەی فیکرەوە درورست نەبووە بەڵکو لە ئەنجامی بە مۆدێربوونی جیهانەوە دروستبووە. لە ڕێگای خوێندن و ئابووری و سوپاو ئەدەبەوە دروست دەبێت. گێلنەر پێی وایە ناسیۆنالیزم پرەنسیپێکی سیاسییە، ئیشی بەخشینی ڕەوایەتی سیاسییە *nationalism is a principle of political legimacy*، ئەرکی سەرەکی ناسیۆنالیزم بریتییە لە بەخشینی رەوایەتی سیاسی بە کۆمەڵێک داواکاری سیاسی، کۆمەڵێک کەس هەیە لە شوێنێک خۆیان بە نەتەوە دەزانن و داوای دەوڵەت دەکەن، هەموو نەتەوەیەک کاتێک داوای دەوڵەت دەکات دەیەوێت سەروەری هەبێت و خۆی حوکمی خۆی بکات و لەلایەن ئەوانی ترەوە حوکم نەکرێت.

دەبێت یەکەی نەتەوەیی و یەکەی سیاسی کۆگیربن، موتابیق بوون، کە وتت نەتەوەیەک بەناوی کورد دەبێت مافی دروستبوونی دەوڵەتی هەبێت، ناکرێت یەکەیەکی نەتەوە هەبێت و دەوڵەتی نەبێت و بێگانەیەک حوکمی بکات. گێلنەر پێی وایە ناسیۆنالیزم ئەگەرچی خۆی ئایدۆلۆژیا نیە بەڵام دەتوانێت بچێتە ناو ئایدۆلۆژیایەکانی تری وەکو لیبرالیزم، سۆشیالیزم، فاشیزم، دین.

ئەوەی کە نەتەوە دروست دەکات ناسیۆنالیزمە یاخود دەوڵەتە، زۆربەی جار نەتەوە تەعبیر لەخۆی دەکات لەناو دەوڵەتدا، بەڵام ئەکرێت هەندێ نەتەوە داوای دەوڵەت نەکات بەڵکو داوای فۆرمی تری سیاسی بکات لەناو دەوڵەتێکی ترەوە وەکو فیدرالیزم، یان ئۆتۆنۆمی.

**بەندیکت ئەندرسۆن ١٩٣٦- ٢٠١٥- ناسیۆنالیزم وەکو دین و خەیاڵێکی سیاسی تایبەت:**

ئەندرسۆن بە پێغەمبەری ناسیۆنالیزم دادەنرێت، کەسێک ئەگەر بیەوێت لە بوارە ئەکادیمییەکە لەسەر ناستیۆنالیزمدا بخوێنێت ناکرێت باز بەسەر ئەندرسۆن بدات. ئەندرسۆن پێی وایە ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیا نییە، ناسیۆنالیزم زیاتر لە دین دەچێت، هەموو ئایدۆلۆژیایەک هزرمەندێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆنمونە سۆشیالیزم مارکسی هەیە، لیبرالیزم و فاشیزمیش بە

به هەمان شێوە، بەڵام لە ناسیۆنالیزمدا هیچ هزرمەندێکی تایبەت نیە تا پێی بڵێین ئایدۆلۆژیا. ناسیۆنالیزم کۆگیری لەناودایە نیە وەکو ئایدۆلۆژیا، بۆیە باشتر وایە وەکو دین سەیری بکەین، وەکو دینیش ئەکرێت ببێتە بەشێک لە پرۆژەی سیاسی جیاجیا، دین ئەکرێت بەشێک لە پرۆژەی فاشیزم، ئەکرێت ببێتە بەشێک لە پرۆژەی دیموکراسی، دین ئەگەرێتەوە سەر ئەوەی دەچێتە ناو چ بزاڤێکی کۆمەڵایەتییەوە یان ئەچێتە ناو چ خەیاڵێکی سیاسییەوە.

*بۆنمونە لە ئێراندا سیستەمێکی لە ئێران دروست کردووە زۆر جیاوازە لەو دینەی سیستەمی تونسی دروست کردووە، بە هەمان شێوە سیستەمی تونسیش جیاوازە لە هی سعودییە یان تورکیا.

بەلای ئەندرسۆنەوە ناسیۆنالیزم لەدوای شۆرەشی فەرەنسا لە دایک دەبێت واتا لە دوای سەدەی هەژدەمەوە، یەکەم جار لە ئەمریکای لاتیندا دروست دەبێت، کاتێک نەتەوەکانی ئەمریکای لاتین لەژێردەستی داگیرکەرەکانی وەکو ئیسپانیاو پرتوگال و بەریتانیا بێزاردەبن و چیتر باج نادەن پێیان، دواتر دەبێتە مۆدێلێکی سەرکەوتوو لە جیهان و فکری سیاسیدا، بە جیهاندا سەفەردەکات.

ئەندرسۆن پێی وایە ناسیۆنالیزم ئینتیمایەکی بەهێز و قوڵ دروست دەکات، بەلایەوە هێزی خۆشەویستی گرنگترە لە هێزی ڕق، خۆشەویستییەک دروست دەکات کە داوای قوربانی دەکات لە پێناو نەتەوە، لە پێناو کیانێکی گەورەتر لە تاک ئەویش نەتەوەیە. ناسیۆنالیزم باشتر وایە وەک جۆرێک لە فەرهەنگ و خەیاڵی تایبەتی وێنابکرێت تیایدا نەتەوە وەک گروپێکی خەیاڵکردی سیاسی ببینرێت، گروپێکی سنووردارو سەروەرە، هەموو نەتەوەیەک لە سنوورێکی جوگرفی دیاریکراودا. ناسیۆنالیزم پێ لەسەر نەتەوە وەک یەکەی سەرەکی دادەگرێت، نەتەوە وەک جۆرێک لە هاریکاری تایبەت وێنا دەکات.

بەلای ئەندرسۆنەوە نەتەوە جێگای دین دەگرێتەوە، دنیای مۆدێرن دین لاواز دەکات، نەتەوە گیانی قوربانی و نەمری پێشکەش دەکات ڕێک ئەوەیە کە دینەکان داوای دەکەن، دینەکان پێیان وایە مرۆڤ نەمرەو بە کردەوەکانی، نەتەوەش هەمان هەست دروست دەکات کاتێک تاکێک لە پێناو نەتەوەدا دەمرێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم تاکە نەمرەو لە دڵی نەتەوەدا هەر دەمێنێتەوە.

**ناسیۆنالیزم وەک دیاردەیەکی حەربایی و فرەسەر:**

ئەنتۆنی سیمس: ناسیۆنالیزمی ئایدیۆلۆژیایەکی حەربابیە، واتە فرە ڕەنگە و فرەشێوەیە، خۆی دەخاتە نێو ئایدۆلۆژیای چەپگەرو ڕاستڕەو، مەدەنی، نامەدەنی، دیموکراسی. بەپێی جۆری ژینگەکە ڕەنگی ژینگەکە وەردەگرێت.

**تۆم نایرن:** ئەکادیمییەکی چەپگەرە، پێی وایە ناسیۆنالیزم وەکو سەری جانوس وایە دەتوانێت بە هەموو لایەکدا بڕوات ( جانوس بوونەوەرێکی ئەفسانەیی یۆنانییە کە یەک سەری هەیە بەڵام دوو دەم وچاوی هەیە، هەم دەم چاوی پێشەوەی هەیە هەم دواوە)، ناسیۆنالیزم دەچێتە نێو هەموو ئایدۆلۆژیایەکەوە.

کەواتە بەپێی ڕای هەردووکیان ناسیۆنالیزم جەوهەرێکی نەگۆڕی نییە.

چەمکی سەرەکی لە ناسیۆنالیزمدا نەتەوەیە، لە لیبرالیزمدا تاکە، لە سۆشیالیزمدا چینە، لە فاشیزمدا ڕەگەزە یان نەژادە. ناسیۆنالیزم بەلای تۆم نایرن دەتوانێت بۆ پێشەوە بڕوانێت و دەتوانێت بۆ دواوەش بروانێت و بەرگری لە چینایەتی بکات، ئەتوانێت بەلای چەپدا بڕوانێت و بەلای ڕاستدا بڕوانێت، دەتوانێت کۆنەپارێزبێت یان جودا تەلەب بێت، یان ئامێزانگەربێت( وەکو دەوڵەتانی عەرەبی، بۆنمونە عەرەکان داوای ئەوە بکەن هەموو عەرەبەکان لە یەک دەوڵەتدا ئامێزانی یەکتربن).

دەتوانێت *exclusive* بێت واتا توڕدەربێت، لوتبەرزبێت و تەنیا خۆی قبول بێت و هەموو نەتەوەکانی تر بخاتە دەرەوەی سنووری خۆیەوە، ئەتوانێت *Inexclusive* بێت واتا جگە لە خۆی ئەوانی تریشی قبولبێت، ئەتوانێت عەقلانی بێت یان ناعەقلانی بێت، دینی بێت یان نادینی.

*ناسیۆنالیزمی جەماڵ عەبدولناسر لە میسر ناسیۆنالیزمێکی عەلمانییە، بەڵام ناسیۆنالیزم لەسەردەمی سەدامدا تێکەڵەیەکە لە نێوان دین و عەلمانیەت، ناسیۆنالیزمی تورکیا ئێستا ڕەهەندێکی دینی وەرگرتووە لەکاتێکدا تورکیا دەوڵەتێکی عەلمانییە.

فۆرمی تری ناسیۆنالیزم هەیە، دژە کۆلۆنیالیزمە، بۆنمونە سەرەتای ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا ناسیۆنالیزمێکی دژە داگیرکارییە، ناسیۆنالیزم هەیە کۆلۆنیالە وەکو بەریتانیا، ناسیۆنالیزم هەیە لە دیاسپۆرایە، ئێستا ناسیۆنالیزمی کورد لە دیاسپۆرا بەهێزە، ناسیۆنالیزمی جولەکەو ئەرمەن لە دیاسپۆرا دەوڵەت دروست دەکەن.ناسیۆنالیزم هەیە کولتورییە.

بە کورتییەکەی بەپێی رەئی ئەم دووانەی سەرەوە ناسیۆنالیزم بە میوانی ئایدۆلۆژیاکانی تر دەبینن، واتا خۆی ئایدۆلۆژیا نیە بەڵام دەچێتە نێو ئایدۆلۆژیاکانەوەو ڕەنگی ئەوان وەردەگرێت.

## کام فۆڕم لە هاریکاری؟

پێش ناسیۆنالیزم چەندەها جۆری هاریکاری کۆمەڵایەتی تر هەبوون، وەکو هاریکاری خێڵێک لە خێزان یان بنەماڵەیەک بۆ یەک ترو بۆ خێزان و بنەماڵەیەکی تر، هاریکاری چینە کۆمەڵایەتییەکان بۆ یەکتر، هاریکاری ناچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر، هاریکاری میللەتێک بۆ میللەتێکی تر، هاریکاری

میللەتێک بۆ میللەتێکی دەچێتە قالبی هاریکارییەکی نێودەوڵەتی نەک هاریکارییەکی ناسیۆنالیزمی، یاخود هاریکاری ڕەگەزێک بۆ ڕەگەزێکی تر وەکو هاریکاری نێر بۆ مێ، یان هاریکاری نەژادێک بۆ نەژادێکی تر وەکو هاریکاری نەژادی ئاری بۆ ئەندامان هەمان نەژاد (ڕاسیزم). بەڵام ناسیۆنالیزم دەکریت تەبەنی ئەم جۆرە هاریکارییانەی سەرەوە بکات یاخود بچێتە ناویانەوە.

*یەکەی سەرەکی سیاسەتکردن لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە خێزان نەک ناسیۆنالیزم تەنانەت ناوچەش نیە، بەڵام ئەم بنەماڵەیە یاخود خێزانە گوتارێکی هەڵگرتووە بۆ شەرعەیەتدان بە سیاسەتەکانی خۆی ئەویش گوتاری ناسیۆنالیزمە، بەناوی نەتەوەوە قسە دەکات، ئەو هاریکارییەی پەرەی پێدەدات بریتیە لە خێزان.

**هاریکاری ناسیۆنالیزم چیە؟** هاریکاری کەسانێکە وا هەست دەکەن لە یەک دەچن لەسەر کۆمەڵێک بنەمای هاوبەش، ئەکرێت ئەم هاوبەشییەی کە باوەریان پێیەتی بریتی بێت لە کولتورێکی هاوبەش یان زمانێکی هاوبەش یان خواستیکی هاوبەش، یان ئەتنیەت بێت، ئەوەش دەبێتە بنەمایەک بۆ هاریکاریکردنی یەکتر، لە ناسیۆنالیزمدا دەوڵەت دەبێت بەناوی نەتەوەوە قسە بکات نەک بەناوی خێزان یان خێڵەوە قسە بکات.

**چەمکی سەرەکی ناو ناسیۆنالیزم بریتیە لە نەتەوە:**

سێ تێگەیشتن هەیە بۆ نەتەوە:

تێگەیشتنێکی کولتوری

تێگەیشتنێکی بایۆلۆژی

تێگەیشتنێکی سیاسیی

**یەکەم: تێگەیشتنی کولتوری:** ئەم تێگەیشتنە پێی وایە، ئەوەی نەتەوە کۆدەکاتەوە بریتیە لە زمانێکی هاوبەش و کولتورێکی هاوبەش، ئەمانە نەتەوە دروست دەکەن. ئەم فۆرمە لە ناسیۆنالیزم نەتەوە وەکو یەکەیەکی کولتوری پێناسە دەکات.

**دووەم: تێگەیشتنی بایۆلۆژی:** ئەم فۆرمە لە ناسیۆنالیزم بەرەو ڕاسیزم دەروات، بۆنمونە نازیزم باوەری بەم جۆرە ناسیۆنالیزم هەبوو، نەژادی خۆی بە گرنگتر دادەنا لە هەموو نەژادەکانی تر.

نەژادی ئاری عاقڵترە بۆیە دەبێت سەرکردایەتی جیهان بکات.

**سێیەم: تێگەیشتنێکی سیاسیی**: ئەوە نەتەوە کۆ دەکاتەوە پرۆژەیەکی سیاسی یان سیستەمێکی سیاسییە، سیستەمێک هەموان بە یەک چاو سەیربکات، هەموان سیستەمەکەیان قبوڵ بێت، چەمکی سەرەکی لەم تێگەیشتنەدا نەتەوەیە.

*پارتی حیزبێکی ناسیۆنالیزمی نییە چونکەی یەکەی سەرەکی لای ئەو بنەماڵەیە نەک نەتەوە، بنەماڵەکە لە نەتەوە گرنگترە، بۆیە هەمیشە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەخاتە پێش بەرژەوەندییەکانی نەتەوەوە، بۆیە بەلایەوە ئاساییە خیانەت بکات، تەزویر بکات لە هەڵبژاردنەکاندا، یان خەڵ بکوژێت، یان سوپای حیزبی دامەزرێنێت نەک سوپای نەتەوەیی.

دەبێت سەیری ناسیۆنالیزم بکەین ئایا چەمکی سەرەکی لای نەتەوەیە؟ دواتر پرسیار دەکەین ئایا چ پێناسێکی بۆ کراوە ئەم نەتەوەیە؟ ئایا پێناسێکە لەسەر بنەمای ئەتنی یان دین یان یاخود لەسەر بنەمای بایۆلۆژی یان یە نەتەوەکە وەکو یەکەیەکی سیاسی پێناسە کراوە تیایدا کە چەمکی سەرەکی لای بریتیە لە هاوڵاتیبوون.

**لەسەر بنەمای ئەم سێ تێگەیشتنە بۆ ناسیۆنالیزم دەکرێت دوو جۆر لە فۆرمی ناسیۆنالیزم لێک جیابکەینەوە بە درێژایی ناسیۆنالیزم:**

**یەکەم: ناسیۆنالیزمی کولتوری:** ناسیۆنالیزمێکی ڕۆمانسی، ئەتنی، داخراوە، کۆنەپارێز، ئەکرێت تا ئەو شوێنە بڕوات کە فۆرمێکی فاشیزمی بخاتە بەرخۆی بەڵام مەرج نیە هەموو ناسیۆنالیزمێکی کولتوری ببێتە ناسیۆنالیزمێکی فاشیزمی، بەڵام ناسیۆنالیزمی کولتوری کۆنەپارێزو داخراوە، ئەم فۆرمە پێ لەسەر جیاوازییەکان دادەگرێت، پێی وایە زمانی جیاوازە، عەقلی جیاوازە ، هونەرەکەی جیاوازە.

**دووەم: ناسیۆنالیزمی مەدەنی:** ئەم فۆرمە لە ناسیۆنالیزمە لەسەر بنەمای لیبرالیزم و دیموکراسی و داننان بە جیاوازی و هاوڵاتیبوونی یەکسان کاردەکات، نمونەی ئەمە لەگەڵ شۆڕەشی فەرەنساوە دێت، بۆیە ئەم فۆرمە مۆدێلێکی فەرەنسییە بە پێچەوانەی مۆدێلی ئەڵمانییەوە کە مۆدێلێکی کولتورییە لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمەوە، بەڵام ئێستا ئەڵمانیا مۆدێلی مەدەنی پەیڕەو دەکات،. هەرچەندە تا ئێستاش هێزی فاشیزم و پۆپۆلیستی هەیە کە فۆرمی ترسناکن.

**ناسیۆنالیزمی کولتوری ڕۆمانسیی**:

ئەم فۆرمە لە ناسیۆنالیزم وەک مۆدیلی ئەڵمانیی ناسیۆنالیزم باس دەکرێت، ئەم فۆرمە پێدەگرێت لەسەر ڕۆحی نەتەوە، دەگمەنبوون و ڕەسەنبوونی نەتەوە، باس لە جەوهەری هەر نەتەوەیەک دەکات لە نەتەوەکانی تر. ئەم فۆرمەش پلەو فۆرمی تری جیاواز هەیە، بۆنمونە نەتەوە هەیە ئەم

جیاوازییە کولتوریانەی خۆی بە گرنگتر دادەنێت لە نەتەوەکانی تر هەشە بە پێچەوانەوەوە نەتەوەی خۆی بە گرنگتر نابینێت لە نەتەوەکان تر.

ئەم فۆر لە ناسیۆنالیزم ڕەهەندێکی رۆحانی هەیە، ئەکرێت ئەم جۆرە فۆرمە بگۆڕێت بۆ شۆڤێنیزم یان ڕاسیزم.

هیردەرو فیختە کە بە دامەزرێنەری فۆرمی ناسیۆنالیزمی کولتوری دادەنرێن.

لەم مۆدێلە ناسیۆنالیزمەدا سەرۆکێکی مێژوویی هەیە یان کاریزمایی، وەکو مۆدێلی ئەڵمانیی و ئیتالی، بسمارک و گاریبالدی.

**ناسیۆنالیزمی مەدەنی( بە ناسیۆنالیزمی لیبرالیزمیش ناودەبرێت):**

لەم جۆرەدا سەرۆکی ڕۆحی بوونی نییە کە تەعبیربکات لە نەتەوەکە، شۆڕەشی فەرەنسی بنەماکەیەتی یان نوێنەرییەتی، لەم جۆرەدا سیستەمی سیاسی زیاتر کۆمارییە نەک پاشایەتی، پرەنسیپەکانی ئەم جۆرە بریتین لە بەرپرسیاریەتی و مافی مەدەنی، کراوەیە، گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە خەڵکەکان پێکەوە گرێ دەدات، بنەمای سەرەکی ئەم گرێبەستەش بریتیە لە هاوڵات یەکسان و مافی مەدەنی و بەشداری سیاسی، نەک سەرۆک و کولتورو خوێن و نەژاد.

بەها لیبرالییەکان بەشێکن لە لە دروست بوونی نەتەوەو لە درست کردنی دەوڵەت و نەتەوە، دەوڵەت تەعبیرە لە ئیرادەی گشتی نەک ئیرادەی خوا یان تاکەکەسێک یان خێزانێک، ئەم ئیرادە گشتییە بەرهەمی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە.

جان جاک ڕۆسۆ بە باوکی ئەم فۆرمە لە ناسیۆنالیزم دادەنرێت،

*ئەمەی باسم کرد لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا پێی دەوترێت: "ئایدیاڵ تایپ" واتا ئەمە مۆدێلە گشتییەکەیە بەڵام بەردەوام لادان هەیە لەم مۆدێلانە، ئایدیال تایپ: بۆنمونە کاریکاتێرێکمان هەیە لە مرۆڤێک دەچێت بەڵام لەڕاستیدا هەموو شتێکی لەو ناچێت، بۆنمونە کابرایەکە لوتی بچوکە بەڵام لە کاریکاتێرەکە لوتی بە گەورەیی دروست کراوە، بە هەمان شێوەیەش ئەم مۆدێلانەش مەرج نیە سەداسەد لە واقیعدا وەکو خۆی جێبەجێبکرێن، بەردەوام کەم و کورتی تێدایە.

**تێکەڵبوونی ئەم دوو مۆدێلە:**

ئەم دوو مۆدێلە واتا مۆدێلی ناسیۆنالیزمی وکولتوری مەدەنی بە ڕەهایی لە یەکتری دابڕاونین، گۆڕان لەمیانەوە بۆ ئەویان ئەگەرێکی بەردەوامە، هەندێ جار مۆدێلی مەدەنی دەبێتە مۆدێلێکی کولتوری رۆمانسی بە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

*ئەو شێوازی قسەکردنەی هەیە لەسەر نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوە لای ئێمەدا بەشێکی زۆری بریتیە لە جۆرێک لە پرۆگرامی ئایدۆلۆژی بۆ ئەو کەسانەی لەتۆ ناچن، لە غیابی ئەو پاشخانە تیۆرییەو ئەکادیمیانەوە ئیش دەکات، ئەمەش یەکێکە لەو خاڵە خراپانەی کە لە دنیای ئێمەدا هەیە.

* ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا سیاسییە نەک کولتوری، ئەوەی کە موسڵمانێک و مەسیحییەک و نەتەوە جیاوازییەکان لە هۆڵەندا کۆدەکاتەوە ناسیۆنالیزمە، کاتێک باس لە شوناسێکی هۆڵەندی دەکرێت دەبێت باس لە ئیسلامیش بکرێت چونکە لە شەستەکانەوە بەشێک لە موسلمانان گەشتیان کردووە بۆ هۆڵەنداو لەوێ دەژین و کەواتە ئیسلامیش بەشێکە لە کولتوری هۆڵەندی بەڵام ئەوەی وادەکات موسلمانێک دەوڵەتی هۆڵەندی قبولبکات دەستوورە.

* نەتەوە هەیە هاوشێوەن *homogenous* یاخود کولتورییە بەڵام نەتەوەش هەیە پلوراڵە واتە هەمەچەشنە. زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپی پلورالن. زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپی سەرەتا نەتەوەی هۆمۆجین بوون، بەڵام دوای ئەوەی نەتەوەو گروپی جیاواز کۆچیان کرد بۆ ئەو وڵاتانە بوون بە دەوڵەتی پلورال.

*ناسیۆنالیزم و نیشتیمان پەروەری *patriotism*، ئەم دوو چەمکە ئەکرێت لێکنزیک بن، ئەشکرێت لێکیش دووربن، ئەتوانی ناسیۆنالیزمی مەدەنی وەکو پاتریۆتیزم ببینیت، خۆشەویستی نیشتیمان بەشێکە لە ناسیۆنالیزم، هەموو نەتەوەیەک نیشتیمانی جیاوازی هەیەو خۆشی دەوێت.

*ئەکرێت جۆرێک لە ناسیۆنالیزم هەبێت دەرکەر یاخود توڕدەربێت واتا ئەوانی تر بخاتە دەرەوەی خۆی و جەخت لەسەر جیاوازییەکان بکاتەوە بۆئەوەی ئەوانی تر بخاتە دەرەوەی خۆی، بۆنمونە جەخت کردنەوە لەسەر جیاوازییەکانی عەلمانیەت و ئیسلام.

* ئایا لە دەوڵەتی ناسیۆنالیزم سەپاندن هەیە ؟ ،دەوڵەتی نەتەوە بەشێوەیەکی ڕەها دیموکراسی نیە، ئەکرێت دەوڵەتێک بێت پلورالیزمی قبول نەبێت و فاشیزم بێت ئەندامبوون لە دەوڵەتی نەتەوەدا بێ مەرج نیە، بۆئەوەی تۆ ببیتە هۆڵەندی دەبێت سەرەتا دەستووری وڵاتەکەت قبوڵ بێت ئەوکاتە دەبیتە هۆڵەندی، ئەندام بوون لە هەموو گروپێکدا مەرجی خۆی هەیە تەنانەت لای ئەو گروپانەی کە پێیان وایە جیهان نیشتیمانی هەموانە.

* دوو جۆر وتار هەیە لە دنیای ئێمە، وتاری یەکەم بەرگری لە ناسیۆنالیزم دەکات بە شێوازێکی توند، لەبەرامبەردا وتارێکی تر هەیە دژایەتی ناسیۆنالیزم دەکات، لە دنیای ئێمەدا فکر ئامادە نیە فکر پڕە لە جوین و قسەی ناشرین، دوورە لە ئەکادیمەت، تەنانەت وتاریک هەیە بەجۆرێک باسی ناسیۆنالیزم دەکات وەک بڵێی مۆدێلی ناسیۆنالیزم بەسەرچووبێت و دەبێت ئێمەی کورد ئەمە تێپەڕێنین.

*لە کوردستاندا وتارێکی بەتاڵی ناسیۆنالیزم هەیە بەڵام بکەری سیاسی ناسیۆنالیزمان نییە، ئێمە بکەری خێزان و بنەماڵەمان هەیە،بکەرێکمان هەیە هی بەر لە قۆناغی ناسیۆنالیزمە، لە ساڵی نۆهەتەکانەوە هیچ هەوڵێک نەدراوە بۆ بە نەتەوەیی کردنی کورد، گروپەکانی کوردستان بەشێکیان خۆیان لە ناسیۆنالیزم بەرزتر دەبینن وەکو ئیسلامییەکان، بەشێکیشیان لە خوار نەتەوەن هی قۆناغی بەر لە نەتەوەن وتارەکانیان.

*لە کوردستاندا وتاری ناسیۆنالیزمان هەیە، بۆنمونە دەڵێن کوردستان پێویستە سەربەخۆبێت و ئابوورییەکەی سەربەخۆبێت بەڵام بکەرەکانی ئەم وتارە بکەرانێکی نا نەتەوەیین. یەکەی سەرەکی سیاسەتکردن لە کوردستان عەشیرەتە یان خێزانە، ئەگەر بڕیاربێت ئەم یەکانە بگۆردرێن بۆ نەتەوە ئەوا ڕەنگە بە سی ساڵی تریش بەمە نەگەین و ئەم بازەمان پێنادرێت، ناسیۆنالیزم گیرۆدەی گروپەکانی بەر لە قۆناغی نەتەوەیە، ئەم وتارە ڕێدەگرێت لەوەی کورد ببێتە نەتەوە.

* ئەگەر ئەم هەموو قەیرانە هەیە لە کوردستان، بە تایبەتی لە بواری سیاسەت و ناسیۆنالیزمدا، ئەی چارەسەر چیە؟ لە کوردستان قسەی زۆر کراوە بەڵام قسەی خراپ زۆرە، ئێمە کێشەکانی خۆمان ناناسین، بکەرە سیاسییەکانی خۆمان ناناسین، ئەگەر ئەمەشمان بۆ نەکرا ناتوانین کێشەکان و چارەسەریەکییەکان بناسین.

* دەربارەی خۆپیشاندانەکانیش لە کوردستان، حیزبە دەسەلاتدارەکان هەموو ڕەهەندێکی سیاسی لەم خۆپیشاندانانە دەسێننەوە، دەڵێن: تێکەڵیان مەبن ئەمانە تێکدەرن، دژی وڵاتن، جۆپیشاندەرەکان واپیشان دەدەن کە پێویستیان بە هیچ بەرنامەیەکی سیاسی نیە، بەخۆیان کێشەکانی خۆیان چارەسەر دەکەن، لەکاتێکدا ئەو کێشانەی ئێمە پێوەی دەناڵێنین کێشەی پیرەپیاوێکی هەشتا ساڵی و تەنانەت کێشەی نەوەیەکە کە ئێستا لە دایک نەبووە، بۆیە ئێمە پێویستمان بە ئیشکردنی زیاد لە نەوەیەکە، ئەم کارەش پێویستی بە دروستکردنی بەرەو بلۆکی مێژوویی و دروستکردنی فکرە هەیە، لە کوردستان هیچ هەوڵێک فکرێک نیە بۆ دروستکردنی بەرەیەکی سیاسی بۆ کۆکردنەوەی هەموو گروپە جیاوازەکانەوە ،نەک نیە بەڵکو تا ئێستا نەبووەتە تێزیش. نەتەوە بەم جۆرە وتارانە دروست نابن، ئەم جۆرە سیاسەتکردنەی هەیە لە کوردستان فۆرمێکە لە دەسەڵاتێکی توندوتیژی خێزانی، تەنانەت بەرەو فاشیزمیش ناڕوات چونکە فاشیزم ئایدیۆلۆژیایەو فکر دەیبات بەڕیوە بەڵام سیاسییەکانی ئێمە هیچ ئایدۆلۆژیایەکیان نیە. لە کوردستان فکرەیەکی هەڵە هەیە دەربارەی فاشیزم، هەرکەسێک وەک ئەو بیرنەکاتەوە پێی دەڵێن فاشیزم. ئێمە نەک خەریکی دروستکردنی نەتەوە نین بەڵکو خەریکی دروستکردنی دابەشکردنی بەردەوامین، پەیوەندی نێوان هەولێرو سلێمانی هیچ کات بە قەد ئەمرۆ خراپ نەبووە.

* ئەڵمانەکانی سویسرا لەڕووی نەتەوە سەربە ئەڵمانیایە لەڕووی دەوڵەتەوە سەربە سویسرایە؟ لە ڕاستیدا ئەڵمانەکانی سویسرا سەربە نەتەوەی سویسرپیە، لەناو سویسرادا گروپی ئەتنی جیاواز هەیە، یان وەکو فەرەنسا، فەرەنسییەکانی بەلجیکا سەربە نەتەوەی بەلجیکین بەڵام زمانیان فەرەنسییە، لە دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا، دەوڵەت و نەتەوە یەک شتن، دەوڵەت واتا نەتەوەو نەتەوەش واتا دەوڵەت. ئەڵمانەکانی سویسرا گروپی ئەتنین واتا زمانەکەیان ئەڵمانیە بەڵام سەربە نەتەوەی سویسرییە. ئەو چارەسەرییەی بەلجیکا بۆ عێراق زۆر گونجاوە بەڵام ئەوکاتە دەبێت عێراق وەکو بەلجیکا لێبکەیت، کێشەکە ئەوەیە چۆن ئەمە دەکەیت، کورد لە عێراقدا سەربە نەتەوەی عێراقە بەڵام زمانی کوردییە وەکو گروپێکی ئەتنی، یان چۆن کوردێک دەکەیت بە ئەڵمانێکی سویسری لەکاتێکدا کورد لەگەڵ خۆیدا دابەشبووە بۆ چەندەها گروپی جیاواز، ئەوانەی کە بەلجیکاو سویسرایان دروستکردووە گروپەکانی ئەو دەوڵەتە پێکەوە دروستیان کردووە.

* حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم هەموو شتێکیان پارچە پارچە کردووە، ڕۆشنبیرانیان پارچەپارچە کردووە، شارەکانیان دابەشکردووە، تەنانەت بەشێکی زۆریان هەر کڕیون، ئەم حیزبانە لە دابەشکردنی خەڵکی کوردستان سەرکەوتووبوونە، هەموو خۆپیشاندانێک پێویستی بە بە ڕێکخستنی سیاسی هەیە بەڵام بەبێ نوخبەو ڕێکخستنی سیاسی هیچ خۆپیشاندانێک سەرکەوتوو نابێت، لە سەدا حەفتای خەڵکی کوردستان دەنگی نەداوە لەدوایین هەڵبژاردنەکانی دوایی کوردستان کەچی دەڵێن هەموو خەڵکی کوردستان سەربە پارتی ویەکێتین.

ئێمە کۆمەڵگایەکی  کۆمەڵگایەکی پارچەپارچە بووە بۆیە هەر هەوڵدانێک بۆ کۆتایی هاتن بەم پارچەبوونە بەدگومانی خراپی لێدەکریت کە گومانیش دروست کرا ناتوانیت سیاسەت بکەیت کە سیاسەتیشت نەکرد ناتوانیت ئەم دۆخە بگۆڕیت.

*ئایا هیچ دابڕانێک هەیە لەنێوان نەوەکانی ئێستاو ڕابردوو؟ هیچ دابڕانێک نیە لەنێوان نەوەکان، چونکە نەوەکانی ئێستاش کوڕی ئەو نەوانەن کە ڕووداوەکانی پێشتریان دیوە، نەوەکانی ئێستاش بینیان باوکیان ئەم هەموو خەباتەی کرد، بەشداری خۆپیشاندانی کرد بەڵام هیچ سوودی نەبوو، هەندێ کێشە هەیە لەم سەردەمە لەسەردەمی سەدام بوونی نەبوو.

**زنجیرەی چوارەم: ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا:**

باس لەوەدەکەین چۆن ناسیۆنالیزم لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دروستبوو، باس لە دوو ئەزموونی ناسیۆنالیزم دەکەین لە ناوچەکە، یەکەم: ناسیۆنالیزمی تورکی ،دووەمیان: ناسیۆنالیزمی عەرەبی، هەرچەندە دەمویست باسی ناسیۆنالیزمی زایۆنیزمی وفارسی و ئەرمەنەکانیش بکەم بەڵام لەبەرئەوەی کاتمان نییە، بۆیە تەنها باس لە ئەزموونی ناسیۆنالیزمی تورکی و عەرەبی دەکەم لەناوچەکەدا.

**سەدەی نۆزدەیەم: ئایدۆلۆژییە سیاسییە سەرەکییەکان:**

**عوسمانیزم:** ئیمپراۆریەت وەک چوارچێوەی شوناس، سوڵتان، خەلیفە وەک وەلی ئەمر، هەموان خۆیان بە عوسمانی دەزانن، عوسمانی ئایدۆلۆژیای ئیمپراتۆریەتەکەیە، سوڵتان شوناسی سیاسی ئیمپراتۆریەتەکەیە، خەلیفە وەکو وەلی ئەمر یان باوکە، ئەمە سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەتەکەیە، لە نیوەی سەدەم بیستەمدا، ئەم ئایدۆلۆژیایە ڕێگری دەکات لە هەر بزوتنەوەیەکی جوداخواز ئەگەر بیەوێت داوای سەربەخۆیی سیاسی بکات.

**دووەم ئایدۆلۆژیا لە نیوەی سەدەی نۆزدەم بریتیە لە پان ئیسلامیزم:** چەمکی سەرەکی بریتیە لە ئومەی ئیسلامی وەک چوارچێوەی شوناس، ئەم جۆرە فراوانترە لە عوسمانیزم، چونکە عوسمانیزم بەس ئەوانە دەگریتە خۆی کە لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەژین و لەگەڵ موسلمان و مەسیحییەکانیش و دینەکانی تر، چونکە عوسمانیزم لەسەر بنچینەی هاوڵاتیبوونی عوسمانیزم کاردەکات، لەبەرئەوە لە عوسمانیزمدا دینە جیاوازەکانیش دەیان توانی لەم دەوڵەتەدا بژین، بەڵام پان ئیسلامیزم تەنها موسڵمانەکانی عوسمانی ناگرێتەوە بەڵکو موسڵمانانی ئەو وڵاتانەش دەگرێتە جگە لە دەوڵەتی عوسمانی، نوێنەری ئەم ئایدۆلۆژیایە بریتیە لە جەمالەدینی ئەفغانی.

**ئایدۆلۆژیای سێیەم بریتییە لە نیشتیمانپەروەری ناوچەیی *territorial patriotism***: بۆ یەکەمین جار لە سەدەی نۆزدەم نیشتیمانپەروەری بەکاردێت یاخود وەتەن، ئەمەش بنەمای شوناس لە چوارچێوەی ئیمپڕاتۆریەتدا، بۆنمونە میسڕییەک پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە میسڕدا دەژیت بەهەمان شێوە بۆ سوریەکیش وایە بەڵام هێشتا ئەمانە بەشێکن لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، ئەم جۆرە ئایدۆلۆژیایە یان لەژێر چەتری عوسمانیزمدا دەژیت یان لەژێر چەتری پان ئیسلامیزدا دەژیت.

**دواتر جۆرێکی تر لە ئایدۆلۆژیا سەرهەڵدەدات لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم بەناوی ناسیۆنالیزمی کولتوری:** کولتور وەک بنەمای شوناس، بەتایبەتی زمان، هەموو نەتەوە جیاوازەکانی ژێر دەوڵەتی عوسمانی پەرەیان بە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی کولتوری داوە،

تورکەکان لەسەربنەمای ئەم ئایدۆلۆژیایە دەوڵەتی تورکیایان دروست کرد، بە هەمان شێوە عەرەبەکانیش، کوردەکانیش هەر لەسەردەمی نالییەوە جەختیان لەسەر ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە کردۆتەوە، جەختیان لەسەرج گرنگی زمان کردۆتەوە، بەڵام بە دەگمەن بزووتنەوەیەک دروست دەبێت کە ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە دەکاتە بنەمایەک بۆ سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەت لەو سەدەیەدا.

بەڵام لە دوای سەدەی بیستەم ناسیۆنالیزمی سیاسی جێگەی هەموو ئەو ئایدۆلۆژیانەی سەرەوە دەگرێتەوەو نەتەوەکان داوای سەربەخۆیی سیاسی دەکەن، ئەمەش پەیوەندی بە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەیە لەلایەن ئەوروپییەکان.

**لەدوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی شەش جۆرە ناسیۆنالیزم سەرهەڵدەدەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا:**

ناسیۆنالیزمی تورکی

ناسیۆنالیزمی ئێرانی، فارسی

ناسیۆنالیزمی عەرەبی

ناسیۆنالیزمی زایۆنیزمی: کە ڕەگەکەی لە ئەوروپا دروست دەبێت بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بڵاودەبێتەوە

ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی

ناسیۆنالیزمی کورد

ئەم شەش جۆرە هەموویان پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە.

*تێزێک هەیە پێی وایە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی ئەوڕوپییە بەڵام هێنراوەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بەزۆر سەپێنراوە، بەڵام تێزە لە ڕاستیدا ناڕاستە، بۆنمونە دروست بوونی ناسیۆنالیزمی کولتوری یان زمان پەیوەندی بە ئەوروپاوە نیە، پەیوەندی بە لاسایی کردنەوە یان هاتنی ئەوروپاوە نیە بەڵکو پەیوەندی بەو گۆڕانکارییانەوە هەیە کە لە ناوچەکەدا دروست دەبن، بۆنمونە نالی کاتێک بە کوردی دەنوسێت لەوکاتەدا نالی هیچ ئاگای لە فکری ئەوروپاوە نیە، ئەمە بە هەمان شێوە بۆ تورکەکان و نەتەوەکانی ڕاستە.

ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمانەی سەرەوە هەریەکەیان کاریگەری بەسەر ئەوەی ترەوە هەیە، لەگەڵ یەکدا کارلێکیان کردووە.

*تا ئێستا هیچ نووسینێکی ئەکادیمی بە هیچ زمانێک نییە باسی پەیوەندی کارلێکی نێوان ئەم شەش جۆرە لە ناسیۆنالیزمە بکات.

**یەکەم: ناسیۆنالیزمی تورکی: ناسیۆنالیزمی بەر لە ئەتاتورک: ناسیۆنالیزمی کولتوری:**

زمانی تورکی، کولتوری تورکی، ئەدەبیاتی تورکی، ناسیۆنالیزمی کولتوری دەبێتە بنەمای شوناس لە سەدەی نۆزدەمدا، لەو سەدەیەدا گروپی لاو دروست دەبن بەناوی " **عوسمانییە لاوەکان"** ئەمانە لاوە خوێندەوارەکان بوون کە لە ئەوروپا خوێندبوویان، کە پێیان وابوو دەوڵەتی عوسمانی پێویستی بە ڕیفۆرم هەیە، پێویستی بە چاکسازی سیستەمی سیاسی هەیە، ئەم لاوانە بەرگریان لەوە دەکرد دەبێت سیستەمی سیاسەتی عوسمانی ببێتە پاشایەتی بەڵام پاشایەتییەکی دەستووری، پێیان وابوو دەولەت پێویستی بە دەستوورو هەڵبژاردن هەیە، ئەمانە دەبنە یەکەم گروپی لیبڕال لە دەوڵەتی عوسمانیدا، باوەریان وابوو پێویستە لە ئەزموونی ئەوروپاییەکانەوە فێرببن لەگەڵ ڕەچاوکردنی بنەماکانی ئیسلام، بەڵام پیویستە ئیسلام لەگەڵ گۆرانکارییەکانی سەردەمدا بگونجێندرێت، باس لە تازەکردنەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەکرێتم ئەم لاوانە لە ساڵی ١٨٧٦ لەوەدا سەرکەوتوو بن دەوڵەت ناچاربکەن پەرلەمان دروست بکات، پەرلەمان دوو سێ ساڵ مایەوە، بەڵام دواتر سوالتان عەبدولحەمید پەرلەمانی داخست، دەستوورەکەشی لابرد، ئەو بنەما بەدەستووریکردن پەرلەمانەی دروست بووبوو بۆ بە لیبرالکردنی دەوڵەت تێکی دا.

**گروپی دووەم " تورکە لاوەکان"** : ئەمانە زۆربەیان ئەفسەر بوون، باوەریان وابوو دیسانەوە دەوڵەت پێویستی بە چاکسازی هەیە، پێویستە هەڵبژاردن هەبێت، پەرلەمان هەبێت، بەڵام ئەم گروپە بە دوو خاڵ لە گروپەکەی پێش خۆیان جیادەکرێنەوە، یەکەم خاڵ: ئەم گروپە زۆر عەلمانی تربوون لە گروپەی پێش خۆیان، خاڵی دووەم: ئەم گروپە تورکتر بوون لە گروپەکەی پێش خۆیان، زیاتر پێداگیربوون لەسەر زمان و کولتوری تورکی.

ئەم گروپە بزوتنەوەکیان دروستکرد بەناوی **" تەعالی و تەرەقی"**: ئەم گروپە لە ساڵی ١٩٠٨ لەوەدا سەرکەوتوو بوون کە سوڵتان لاببەن و دووبارە دەستووریان گەڕاندەوە بۆ بە عەلمانی کردنی دەوڵەتی عوسمانی، دەستووریان تێکەڵی ناسیۆنالیزمی کولتوری کرد.

تورکە لاوەکان: عەلمانین، ئەفسەرن، زیاتر باوەڕیان بە مۆدێرنیزمەکردنی دەوڵەت هەیە لەسەر شێوە ئەورۆپییەکەی، هەروەها تورکترن.

بەناوبانگترین کەسایەتی نێو گروپەکە *ziya Gokalp 1876-1924*: ئەم پیاوە دایکی کوردبووەو خەڵکی دیاربەکر بووە، وەک چۆن میشێل حەفلەق ئایدۆلۆژیای بەعسزیزم بەرهەم دێنێت بە هەمانشێوە، ئەم پیاوە ناسیۆنالیزمی کولتوری تورکی بەرهەمدێنێت، ئەم پیاوە دەڵێت: من ئەندامی نەتەوەی تورکم، ئەندامی ئومەی ئیسلامیم، ئەندامی شارستانیەتی خۆرئاواشم، ئەم

پیاوە شتێک دروست دەکات بەناوی نەتەوەی تورک کە ڕەهەندێکی ئیسلامی تێدایە بەڵام کاتدا خۆشی بە بەشێک لە جیهانی مۆدێرن دەزانێت.

ئەوەی ئێمە دەیبینین لە پێش هاتنی ئەتاتورکدا: تێکەڵێک لە ئامادەگی و ڕۆڵی ئەفسەری سوپا، دەستورگەرایی، خەونی مۆدێرنیزەکردن، بە عەلمانیەت و بەرهەم هێنانی ناسیۆنالیزم.

ناسیۆنالیزمی تورکی لە سەردەمی ئەتاتورکدا ١٨٨١–١٩٣٨: ناسیۆنالیزمی تورکی فۆڕمێکی تر وەردەگرێت، ئەتاتورک ئەفسەرو ئەندامی تورکە لاوەکان بوو،ئەتاتورک هەڵگری وتاری هاریکاری ئیسلامی بوو، هەر ئەمەش وایکرد کوردەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی هەڵوەشایەوە، زۆربەی خاکەکەی لەلایەن فەرەنساو یۆنانەوە داگیرکرا، بەڵام ئەتاتورک جەنگی سەربەخۆیی لە دژی فەرەنساو یۆنان ڕاگەیاند، دوای هەڵوەشانەوەی سەڵتەنەت لە ساڵی ١٩٢٢، لە ساڵی ١٩٢٣ دەوڵەتی راگەیاند، لە ساڵی ١٩٢٤ خەلافەتی کۆتایی هێناو خەلیفەیان سواری کەشتییەک کردو دەریان کرد لە تورکیا، دواتر دەوڵەتی کۆماری تورکیای راگەیاند، کۆتایی بە تەمەنی ٤٠٠ ساڵەی ئیمپراتۆریەتی خەلافەت هات. دواتر کەمالیزم دەبێتە ئایدۆلۆژیای سەرەکی دەوڵەتەکە.

**ناسیۆنالیزمی تورکی: کەمالیزم و سیستەمی کۆماریی:**

**شەش پرەنسیپەکەی کەمالیزم:**

**یەکەم: سیستەمی کۆماری:** کە سیستەمێکی هەڵبژێردراوە، تیایدا سەرۆک لە پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت. ئەردۆغان توانی زۆرێک لە سیستەمی تورکیا بگۆرێت بەلام تا ئێستا نەیتوانیوە دەستکاری پرەنسیپی کۆماری بکات.

**دووەم: دەوڵەتگەرایی– ستاتیزم–** : دەوڵەت وەک دەزگا پێگەیەکی سەرەک هەیە، ئەرکەکەی بریتییە لە گەشپێدان و مۆدێرنیزمەکردنی کۆمەڵگا، گەشەدان بە ئابووری، باوەری بە گەشەدانی سەرمایەداری هەیە، بەڵام باوەری بە گەشپێدانی سەرمایەداری تایبەت نەبووە، ئەم دەوڵەتە دەوڵەتێکی یەکگرتووەو قابیلی دابەشکردن نیە، بەهێزە.

**پرەنسیپی سێیەم: پۆپۆلیزم:** خەڵک وەک بنەمای سیاسەتکردن، خەڵک وەکو ئۆرگانێکی زیندوو دەبینێت کە قابیلی پارچەپارچەکردن نیە وەکو ئەندامەکانی جەستە،هەموو ئۆرگانەکانی پەیوەندییان پێکەکەئوە هەیە، دەوڵەت تەعبیر لەخەلک دەکات، دەوڵەت بەناوی خەڵکەوە قسەدەکات.

**پرەنسیپی چوارەم: عەلمانییەت:** ئەم فۆڕمە لە ناسیۆنالیزمە زۆر ڕادیکاڵترە لە هی ئەمریکاو ئەوروپا، ئەم جۆرە لاسایی ناسیۆنالیزمی فەرەنسی دەکردەوە، دواتر حیجابی قەدەغەکرد، گروپە سۆفییەکانی قەدەغەکرد.

**پرەنسیپی پێنجەم: ناسیۆنالیزم:** تورکیا یەک یەکەو یەک ناسیۆنالیزمی هەیە، ناکرێت لەناو تورکیادا زیاد لە یەک ناسیۆنالیزمێک هەبێت، ئەوەی کە هەیە بریتییە لە کۆبوونەوەی خەلکی تورکیا لە دەوری یەک پڕۆژەی سیاسی، ئەم پڕۆژەیەش بریتیە لە ناسیۆنالیزمی تورکی.

**پرەنسیپی شەشەم: ڕیفۆرم:** باوەری بە دەستکاریکردنی کۆمەڵگا هەیە، وەکو دروستکردنی قوتابخانە، دەزگای ئابووری، خوێندنی ئافرەت، کارکردنی ئافرەت و نوێکردنەوەی کۆمەڵگە.

*ناسیۆنالیزمی تورکی بووە بەربەستێک بۆ کورد، بەتایبەتی لە پرەنسیپی دەوڵەتگەرایی و پۆپۆلیزمدا، چونکە لە تورکیادا خەڵک یان گەل واتا نەتەوەی تورک و جێگەی هیچ لە گروپەکانی تری ئەتنی نابێتەوە.

ئەم مۆدێلە لە ناسیۆنالیزمی تورکی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەتاتورک بووە یەکەم کەس کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا توانی هێزە کۆلۆنیالیزمەکان بخاتە دەرە وەکو یۆنانیەکان و فەرەنسییەکان، توانی دەوڵەتی تورکیا دروست بکات بەوشێوەیەی خۆی کە قەناعەتی پێیەتی، دواتر دەبێتە مۆدێلێکی زۆر سەرکەوتوو بۆ سەرجەم ناوچەکە، بەشێکی زۆری ناسیۆنالیزمەکانی ناوچەکە لاسایی کردنەوەی ناسیۆنالیزمی تورکین. ئەم ناسیۆنالیزمە سەرکردەیەکی وەکو ئەتاتورک دروست دەکات کە خاوەنی پەیامێکە، پەیامی تازەکردنەوەی کۆمەڵگا، عەلمانیەت، واتە مۆدێلی سەرکردەیەکی مێژوویی خاوەن پەیامی گەورە دێنێتە پێشەوە کە هەڵگری ئیرادەی شتییە، دواتر ئەتاتورک دەبێتە ئەو مۆدێلە  سەرکردە سیاسییەی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کە هەموو سەرکردەکان لاسایی دەکەنەوە، هەتا لە رەزا شای ئێرانەوە بگرە تا جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسرو سەدام حوسێن.

ئایا مۆدیلی ئەتاتورک لاسایی کردنەوەی هاڕونە ڕەشیدە لە ستەمکاریدا یان لاسایی کردنەوەی مۆدێلی بسمارگ و گاریباڵدی و لینینە؟ *ئەتاتورک بەرهەمی گەشەکردنی فۆرمی حوکمڕانییە لە سەدەی نۆزدەمدا، بە مانایەک لە ماکان بسمارگە، بسمارگ ئەو پیاوەیە کە ئەڵمانیا مۆدێرن دروست دەکات و یەکیان دەخات، هەروەها وەکو لینینیشە کە وەکو پاتێکی سیاسی خۆی بە پێشڕەوی کۆمەڵگا دەزانێت، ئەم پارتە سیاسییە بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە حوکمڕانی بگرێتە دەست، دەوڵەت بەکاربێنیت بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگا، ئیشی ئەم مۆدێلە ئەوەیە کە بە **شاقوڵی** ***Top down*** کاردەکات، واتە لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە، واتە پرۆسەیەکی نوێکردنەوەی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگایە بەلام لە سەرەوە دادەبەزێتە خوارەوە، دەسەلاتی

دەوڵەت بەکاردێنێت بۆ لاوازکردنی دین، بۆ ناچارکردنی ئافرەت بۆئەوەی بچێتە قوتابخانەکان، لە هەمان کاتیشدا ئەتاتورک دەبێتە مۆدێلی دروستکردنی تاک حیزبی لە ساڵی ١٩٢٣ تا ١٩٥٠ ، لەوماوەیەدا یەک سەرۆک و یەک حیزب و یەک ئایدۆلۆژیا هەیە، دواتر کاتێک سەیری ناسیۆنالیزمی دەوڵەتانی عەرەب دەکەین ئەوانیش بە هەمان شێوە یەک حیزب و یەک سەرۆک حوکمرانی دەوڵەت دەکەن.

مۆدێلی ناسیۆنالیزمی تورکی دەبێتە بنەمای لاسایی کردنەوە لەلایەن نەتەوەکانی ترەوە لە ناوچەکەدا.

ئەم مۆدێلە سیستەمی ئامێزانبوونی پاسۆلۆژیی پەیڕەودەکات، واتا بەزۆر وا لە خەڵک بکەیت لێک بچن و کۆتایی هاتن بە هەموو شوناسەکانی ترو، جێگرتنەوەی ئەم هەموو شوناسانە بە شوناسێکی تورکی لە ڕێگای بەکارهێنانی توندوتیژییەوە.

سیڤەر لە ئەدەبیاتی تورکیادا گرێیەکی دروستکردووە بەناوی گرێی سیڤەر، تیایدا لە سیڤەردا بەشێکی زۆری لە ناوچەکانی خۆی دەدۆڕێنێت لەو ڕێککەوتننامەیەدا، کورد لەم پەیمانەدا بەڵێنی پێدەدرێت دەوڵەتی بۆ دروستبکرێت، دواتر تیۆرەی پیلانگێری و سیاسەتی تواندنەوە دەبێتە بەشێک لەو ناسیۆنالیزمە.

**ناسیۆنالیزمی عەڕەبی: سێ چەمکی سەرەکی هەیە جیاواز:**

**ناسیۆنالیزمی عەرەبی:** القومية العربية

نیشتیمانپەروەری ناوچەیی: الوطنية

عەرەبیزم: العروبة *Arabness*

**یەکەم: القومية العربية:** ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە باوەڕی بە یەک جیهانی عەرەب هەیە، جۆرێک لە یەکگرتنی سیاسی تێدایە، پان ناسیۆنالیزمە، باوەڕی چەترێکی سیاسەتێکی یەکگرتوو هەیە بۆ هەموو وڵاتە عەرەبییەکان، ئەمە بەعسییەکان وابون و ناسرییەکانیش وابووون. هەموو جیهانی عەرەب دەگرێتەوە.

**دووەم: نیشتیمانپەروەری الوطنية:** ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە تەنها تایبەت بە دەوڵەتێکی عەرەبی دیاریکراو، بۆنمونە عێرا ناسیۆنالیزمێکی تایبەت بەخۆی هەیە جیایە لە هی میسر.

**سێیەم: عەرەبیزم یان عروبە:** ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە زیاتر کولتورییە یان رۆشنبیرییە کە زیاتر جەخت لەسەر جیاوازییە کولتورییەکان دەکاتەوە، ئەم جۆرە سیاسیی نیە بەلام قەومییەی عەرەبی پرۆژەیەکی سیاسییە.

**ناسیۆنالیزمی عەرەبی: ناسیۆنالیزمی کولتوری لە سەدەی نۆزدەمدا:**

لە ناسیۆنالیزمە باوەریان بە گرنگی زمانی عەرەبی هەیە چونکە زمانی قورئانە، باوەریان وایە ئیسلام عەرەبەکان لە هەمووان زیاتر لێی تێدەگەن چونکە قورئان بەعەرەبی نوسراوە، ئیسلام بەشێکە لە شارستانییەتی جیهانی و عەرەب بەشداربووە لەگەشەپێدانی ئەم شارستانییەتە، لەم سەدەیەداجۆرێک لە گرنگیدان بە عەرەب پەیدادەبێت وەکو شوناسیکی کولتوری نەک شوناسێکی سیاسی، وەکو ناسیۆنالیزمی تورکە لەم سەدەیەدا. تا ساڵی ١٩١٣ عەرەبەکان داوای سەربەخۆیی سیاسی ناکەن لە دەوڵەتی عوسمانی بەڵکو تەنها داوای ئەوە دەکەن دەسەڵات بدرێت بە ئیمارەتە عەرەبییەکان، دەسەڵات زیاتر دابەشبکرێت و داوای لامەرکەزییەت و ناسێنترالکردنی دەسەلات دەدەن، مەسیحییە عەرەبەکان رۆلیک گرنگ دەبینن لە گرنگی دان بە کولتوری عەرەبی، قاموسە گەورەکان بە زمانی عەرەبی زۆربەیان لەلایەن مەسیحییەکانەوە نوسراون بۆگەشەدان بە زمان و ئەدەبی عەرەبی. یەکێک لە نوسەرە مەسیحییە: پوترس پۆستانی: ئەم پیاوە پێی وابوو پیویستە دەولەتی عوسمانی پێویستە بمێنێتەوە بەڵام وەکو مۆدێلی ئەمریکا، واتە لەناو دەوڵەتەکەدا چەندەها دەوڵەتی لۆکاڵی هەبن و دەسەلاتەکان دابەشبکرێن.

کاتێک کۆنفرانسی پاریس کە ئەنجامدەدرێت. عەرەبەکان هەموویان داوای مانەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەکەن بەلام داوای دابەشکردنی دەسەلات دەکەن و گرنگی دان بە زمانی عەرەبی، ئەوەی سەیرە لەم کۆنفرانسەدا عەرەبەکان میسر بانگێشت ناکەن بۆ کۆنفرانسەکە چونکە پێیان وایە میسر بەشێک نیە لە جیهانی عەرەبی و بەشێکە لە جیهانی ئەفریقی، بەڵام دوای چل ساڵ کاتێک ناسر لە میسردا دێتە سەر حوکم، ناسر دەبێتە سەکردەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، هەموو دەوڵەتە عەرەبەکان دەکەونە ژێر کاریگەری ناسر، کە داوای یەکگرتنی عەرەب و سەربەخۆیی سیاسی دەکات، ناسر لەسالی ١٩٥٤ حکوم دەگرێتە دەدەست.

**ناسیۆنالیزمی عەرەبی ؛ ناسریزم و بەعسیزم:** ناسریزم: ١٩٥٢- ١٩٦٧: داوای یەکێتی جیهانی عەرەبی دەکات، دەبێت سیستەمەکەی سۆسیالیزمی بێت، دەبیت بەگژ ئیمپرالیزمدا بچێتەوە، دەبێت سیستەمەکەی کۆماری بێت، داوای ریفۆرمی ئابووری و کشتوکالی و خوێندنی ئیجباری دەکات، کار بۆ هەموان، خزمەتگوزاری.

**بزوتنەوەی عدم الأنحیاز:** لەدوای جەنگی جیهانی سێیەمەوە جیهان دابەشکرا بۆ دوو بەرە: سۆشیالیزم و سەرمایەداری، ناسر سەربەو بزوتنەوەیە بوو کە داوای بەرەیەکی سەربەخۆی دەکرد کە دووربێت لەم دوو بەرەیە. ناسر کاتێک هاتە سەر حوکم سیستەمی لیبرالیزمی لابرد لە میسرداو هەموو حیزبەکانی لابردو یەک حکومەت دامەزراند، هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوان بوو، یەک سەرۆک هەبوو، هەمان کاری ئەتاتورکی دووبارە کردەوە.

خاڵێکی تر لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بریتییە لە بەگژداچوونەوەی زایۆنیزم و پشتگیری فەلستینە، ئەمە یەکێکە لە ئاکارە سەرەکییەکانی، تیایدا دەیبەستنەوە بە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم، ناسر دەبێتە سەرۆکی سیاسیی کولتوریی جیهانی عەرەبی لە سالی ١٩٥٢ تا ساڵی ١٩٦٧، لەسالی ١٩٦٧ کاتێک ئیسرائیل هێرەش لەماوەی شەش رۆژدا تا نزیک قاهیرەو دیمەشق رۆیشت، بەمە هێرەشە زللەیەکی گەورە درا ناسر، دواتر ئیسلامی سیایسی جێگەی ئەم ناسیۆنالیزمەی گرتەوەو سەرۆکێکی موسلمان هاتە سەر حوکم.

ناسیۆنالیزمی ناسری هەم نوێنەری ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو کە داوای یەکێتی جیهانی عەرەبی کردووە، هەم نوێنەری ناسیۆنالیزمی میسری بوو.

**بەعسیزم:** داوای یەکێتی جیهانی عەرەبی دەکات، بەعسیزم بەوە جیادەکرێتەوە لە ناسریزم، بەعسیزم لق هەبوو لە زۆربەی ولاتانی عەرەبی، لقی هەبوو لە سودان، میسر، فەلەستین، سوریا، هەروەها دروشمە سەرەکیەکانی بەعس بریتی بوو لە ئازادی و یەکێتی، بەڵام ئازادی لای بەعس بریتی نیە لە ئازادی تاکەکەسی، بەڵکو باوەریان بەوەبوو ئازاد بیت لە هێزی دەرەکی، ئازاد بیت لە ئیمپریالیزم، ئازاد بیت لە کۆلۆنیالیزم، باس لە ئازادی وڵات دەکات، دروشمێکی تریان بریتی بوو لە سۆسیالیزم بەلام سۆسیالیزمی عەرەبی، داوای دەکرد دەوڵەت دەست لە ئابووری وەردبدات، داوای خوێندنی بەخۆرایی دەکردو ئەوانەی خوێندنیان تەواودەکرد هەموان ئیشیان بۆ دەدۆزرایەوە، لە عیراقدا لەسەردەمی سەدامدا کەسی بێ ئیش نەبوو، جیاوازی سۆسیالیزمی بەعسی لەگەڵ سۆسیالیزمی سۆڤیەت ئەوەبوو، بەعسیزیەکان باوەڕیان بە مولکایەتی تایبەت هەبوو و باوەڕیان بە چینایەتی نەبوو، باوەریان بەوەبوو یەک چینی عەرەب هەیە، لەناو عەرەبدا چینی جیاوازنەبوو، تیایدا ململانێ هەبێ لە نێوانیاند، باوەریان وابوو عەرەب هەموو لێک دەچن.

ئیسلام لای بەعس کەلەپورە(تراث) نەک ئایدۆلۆژیایەک بێت جێبەجیبکرێت، باسی پیادەکردنی یاساکانی ئیسلام نەدەکرد، بۆیە هێزێکی عەلمانی بوون، سەدام کتێبێکی هەبوو تیادا نوسرابوو بەعس حیزبێکی دینی نییە ،بەڵام دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران،سەدام ئەو کتێبەی تیایدا نوسرابوو بەعس دینی نیە هەموویانی هەڵگرتەوەو قەدەغەی کرد، چونکە دەکرا وا تەفسیر بکرێ کە سەدام دژی دینە، لەبەرئەوەی ئێران دەوڵەتێک دینی بوو، بەڵام دواتر سەدام نوسەرێکی

میسری هێنا داوای لێکرد ژیاننامەی سەدام بنوسێتەوە، لەم کتێبەدا سەدامی کردە شیعەو لە نەوەکانی ئیمام حوسێنە، بۆئەوەی خەڵکی پێ هەڵخەڵەتێنێت.

خالێکی تر بریتییە لە دژایەتی کردنی لیبرالیزم و دیموکراسیەت، وەکو ئەتاتورک دژی لیبرالیزم بو دیموکراسی بوو، سیستەمی یەک حیزب و یەک ئایدۆلۆژیای پەیڕەو دەکرد.

*ناسیۆنالیزمی ئێرانیش بەهەمان شێوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و تورکی بوو، بەڵام ناسیۆنالیزمی ئێرانی دژایەتی دینی تێدا نەبوو، بۆنمونە ناسر دەڵێت: من کتێبی قورئانم هەمووی خوێندۆتەوە بەڵام هیچ وشەیەکم نەدۆزیوەتەوە تیایدا باسی حوکمڕانی بکات بەڵام ئەمە لە ئێراندا نەبوو هەتا لە سەردەمی شاشادا نەبوو، چونکە لە ئێراندا شیعە پێگەیەکی بەرزتری هەیە لە دین کە هەر لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە ئەمە سەپێنراوە.

**ئاکارە گشتییەکانی ناسیۆنالیزم لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا:**

ئایدۆلۆژیایەکی ڕادیکاڵ و شۆڕەشگێرە، دەیەوێت کۆمەڵگا ناچاربکات بە گۆڕان، ڕادیکالە: دەیەوێت ببێتە جۆر دابڕانێک لەگەڵ ڕابردوویدا، بۆنمونە کەمالیزم دابڕانە لەگەڵ مێژووی عوسمانیدا، ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیزم باوەری بە گورانکاری ڕیشەیی هەیە لە کۆمەڵگادا.

ئایدۆلۆژیایەکی دژە کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمە، دەوڵەتانی تونس و لوبنان جەزائیر راستەوخۆ داگیرکران و راستەوخۆ حوکمرانی دەکران لەلایەن فەرەنساوە، بەڵام بەریتانیا بە ناراستەوخۆیی حوکمرانی ناوچەکەی دەکرد، سیستەمی ئینتیدابی پەیرەو دەکرد.

فۆرمێکی حوکمڕانیی مۆدێرنیستە، لە جیاتی خوێندنی دینی پێویستە زانکۆی نوێ دروست بکرێت، لەجیاتی سیستەمی دادی کۆن سیستەمی دادی نوێ پەیرەو بکرێت، حیزبی سیاسی ببێتە جێگەی عەشیرەت و خێڵ، مۆدێرنیستێکی شاقوڵییە، تەنانەت توندوتیژیشی تێدا بەکاردێت بۆنمونە ناسر کاتێک هاتە سەر حوکم زەوییەکانی لە دەرەبەکان بەشەق لێیانی ستاندنەوەو دای بە جوتیارەکان. دەوڵەتگەرایی: دەوڵەت یەکەیەکی پیرۆزە، سنوورەکانی پیرۆزە نابێت دەستی بۆ ببرێت ،یەکەی گۆرانکارییە، بزوتنەوەکان عەلمانین و باس لە سەروەری خەڵک دەکەن نەک خودا، خەڵک لای ئەوان گرنگترە لە قەبیلە بەشێوەیە تیۆریەکەی.

دەسەڵاتگەرەو دژە لیبرالیزمەو سۆسیالیستییە، داوای خۆشگوزەرانی دەکرد، ناسیۆنالیزمی رۆژهەلاتی ناوەراست پەیوەندییەکی بەهێزی بە مارکس و لینینیزمەوە هەبوو، هەموو

بزوتنەوەکانی لە حیزبی بەلشەفیکی رووسییەوە دەچوون کە حیزب تیایدا جەماوەرییەو سکرتێەری هەیەو مێژوویيە.

**دەرەنجامە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزم:**

دەوڵەت، نەتەوە یان دەوڵەتی بێ نەتەوە؟ لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەوڵەت هەیە بەڵام نەتەوە بوونی نیە، بۆنمونە لە سوریادا چ شتێک خەڵکی سوریا دەکاتە نەتەوە، یاخود چ شتیک وادەکات هەموو هاولاتیان هەست بکەن دەوڵەتی خۆیانەو دەوڵەت یەکسانی ناکات لە نێوانیاندا. هەندێ نەتەوە هەیە دەوڵەتی بۆ دروست نەکراوە، بۆیە دەوڵەتانی ناوچەکە دەوڵەتی نەتەوەیی نین چونکە دەولەت دەبێت نەتەوەیەک دروست بکات تیادا هاولاتیان هەست بە یەکسانی بکەن نەک بەزۆر وایان لێ بکەی بە زۆر لێک بچن.

لە دەوڵەتانی خەلیجدا،تەنیا کەمینەیەک حوکمرانی دەکات و زۆربەی دانیشوانەکەیان کرێکاری کۆچکردوون، ئەمە بە چ مانایەک دەوڵەتن؟ لەم ولاتانەدا کرێکاری بیانی زۆربەی ئیشەکانی دەوڵەت دەکەن بۆنمونە ئابووری وڵاتەکە بەڕێوەدەبەن. ئەوەی کە هەیە خەڵکە یان دانیشتوانن بێ ئەوەی میللەت بن یان هاوڵاتی یان نەتەوە، بۆنمونە لە عێراقدا دانیشتوان هەیە نەک نەتەوە.

* یەکێک لە ئاکارەکانی ئەم ناسیۆنالیزمە ئەوەیە دەوڵەتی بە دەڵەت هێشتەوەو نەیکردنە دەوڵەتی نەتەوە، دەوڵەت هەیە دانیشتوانی هەیە، دەڵەت هەیە نەتەوەی هەیە بەلام دەوڵەتمان نیە گەلی هەبێت یان نەتەوە بە مانا ئەو یەکە سیاسییە خەیاڵییەی کە ئەندرسۆن باسی دەکات کە خەڵک هەموو ئامادەبێت لەناویدا یەک شوناس هەڵگرێت

*لای من وشەی نەتەوەو گەل یەک مانایان هەیە.

یەکێکی تر لە دەرەنجامەکانی ناسیۆنالیزم لەناوچەکەدا بریتی بوو لە جیناسۆیدی ئەرمەنەکان.

یەکێکی تر لە ئاکارەکانی ناسیۆنالیزم لەناوچەکەدا: ئەوەیە فەلستینییەکان خاکەکەیان لە دەست دەدەن و نزیکەی ٨٠٠ هەزاریان لێ ڕاودەنرێت و دەردەکرێن لە ساڵی ١٩٤٨، دواتر لەسالی ١٩٦٧ دووبارە ژمارەیەکی زۆریان دەرکرێنەوە، فەلستینییەکان دەبنە قوربانی فۆرمی ناسیۆنالیزمی زایۆنیزم.

یەکێکی تر لە دەرەنجامەکانی تر بریتیە لەوەی کورد کرا بە کەمینە، خاکەکەی پارچە پارچە کرا.

*لە ئێستادا ناسیۆنالیزمی عەرەبی زۆرلاوازەو تەنانەت پان ناسیۆنالیزمی هەرنەماوەو ئیسلامی سیاسی جێگەی گرتۆتەوە، هەرچەندە هەندێ رەگەزی ناسیۆنالیزم لەناو ئیسلامی سیاسیدا بەدی دەکرێت. ناسیۆنالیزمی تورکیش بەرەو ئیسلامی سیاسی دەروات و لە ئێرانیشدا هەر وایە، بزاڤەکانی ناسیۆنالیزم زۆر لاوازبوونەو زۆربەی دەوڵەتان لە قۆناغی بەر لەناسیۆنالیزمدا دەژین، توشی دابەشبوونی گەورەبوونە، گەرانەوەیە بۆ بەر لە قۆناغی دروستبوونی نەتەوە.

*مۆدێرن لای ئیمە واتا هەرشتێک مۆدێرن بێت باشە، هەرشتیکیش نامۆدێرن بێ خراپە، لەکاتێکد ئەمە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە.

*شۆڕەش لای ئێمە بە واتای خراپ و تیکدان دێت لەکاتێدا شۆڕەش بۆ نوێکردنەوەو گۆرانکاری جەوهەرییە لە کۆمەڵگادا

*ڕادیکاڵ: وشەیەکی لاتینیە بە واتای ڕەگ و ڕیشە دێت. پرەنسیپێکی سیاسیە کە پێداگیرە لەسەر گۆرانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی بەشێوەیەکی شۆڕەشگێری، گۆرانی سیستەمی سیاسی بەشێوەیەکی جەوهەری، یاخود گەرانەوەیە بۆ ڕەگ و ڕیشەی ئایدۆلۆژیای حیزبەکە.

## زنجیرەی پێنجەم: ناسیۆنالیزمی کوردی:

کورد لە دنیای ئەمڕۆدا: بوونەوەرێکی بینراو: کورد لە سەدەی نۆزدەم و بیستەمدا گەلێکی نەبینراوبووەو هیچ مافێکی کولتوری و و سیاسی نەبووە، بەڵام لە دوای ساڵی نۆهەتەکانەوە کورد بوو بە نەتەوەیەکی بینراو و هەندێ مافی کولتوری و سیاسی پێدراوە.

کوردی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ بۆ ئێستا: لەدوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سەدام، واقیعێکی نوێ دێتە پێشەوە. لە حەفتاکاندا کورد وەکو بزوتنەوەیەکی پەڕگیرو توندوتیژ ناسێنراوە چونکە کورد ئەوکات دژی عێراق بوو، عێراقیش دژە ئیمپریالیزم بوو، بۆیە وێنەی کورد بە ناشرینی بینراوە. جەنگی نێوان عێراق و کوەیت وا پیشاندەدرا لەلایەن میدیاکانەوە وەک بڵێی جەنگ هەر ڕووینەداوە، جەنگێکی بێ قوربانی بووە، بەڵام لەدوای ئەوەی سەدام کوردو شیعەکان جینۆساید دەکات و دواتر هێڵی سی و شەش دیاری دەکرێت، دواتر هێزە کوردییەکان دێنە ناو گفتوگۆکانەوە، دواتر بڕیاریک لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەردەچێت بۆ پاراستنی کورد، لەمەودوا کورد بوو بە گەلێکی بینراو.

سەبارەت بە کێشەی کوردیش لە تورکیا، دوای ئەوەی مەسەلەی بوون بە ئەندامی تورکیا لە ئەوروپا هاتە ئاراوە، مەسەلەی کێشەی کوردیش هاتە گۆڕێ، بەجۆرێک هاتنە ناوەوەی تورکیا بۆ یەکێتی ئەوروپا بەسترایەوە بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

کوردی سوریا: لە ساڵی ٢٠١١ لە شەڕی ناوخۆی سوریادا دوای ڕاپەرینی خەڵکی سوریاو هاتنی گروپە جیهادییەکان. دووبارە مەسەلەی کورد هاتەوە ناو میدیا جیهانییەکانەوە، بە تایبەتی لە مەسەلەی دژایەتی کردنی گروپە جیهادییەکان.

کوردی ئێران: کوردی ئێران بە بەراورد لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان کەمتر بینراوە، ئەمەش پەیوەندی بە خودی کوردەوە نیە بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە، بۆنمونە عێراق بەشێک بوو لە پرۆژەی ئەمریکا، تورکیاش بەشێک بوو لە یەکێتی ئەوروپا، سوریاش شوێنی ململانێی نێوان هێزە چەکدارەکان و توندرەوەکان بووە، داعیشی تێدا دروستبوو، بەڵام هیچ یەکێک لەمانە لە ئێراندا دروست نەبوونە، بەڵام بارودۆخی ئێران زۆر شلۆقە، ڕۆژێک دێت بارودۆخەکەی دەتەقێتەوە. پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات هەمیشە پارچە پارچەبوون لەنێویاندا هەبووە.

مەسەلەی دیاسپۆرا: لە دوای نۆهەتەکانەوە کوردەکانی ئەوروپا، چەندەها چالاکی سیاسیان ئەنجامداوەو بەشداری خۆپیشاندانیان کردووەو بوون بە ئەندامی پەرلەمانی ولاتانی ئەوروپا،

بەم جۆرە دیاسپۆرایەک هەیە کە تێوەگلاوە لە ناسیۆنالیزمی کوردی.

خاڵێکی تر کە وایکردووە کورد ببینرێت، بوونی دەوڵەتی فاشیلە لە ناوچەکەدا،شلبوونی سنوورەکان. وەکو عێراق و سوریا، لەکاتێکدا لە ڕابردوودا ئەم دەوڵەتانە دەوڵەتی زۆربەهێزو مەرکەزی بوون، یەک حیزب و یەک سەرۆک هەبوو، بارودۆخی وڵاتی کۆنترۆڵکردبوو.

*Faild state* دەوڵەتێکە ناتوانێت دەسەڵاتی هەبێت بەسەر ناوچەکانی خۆیدا، یان کۆنترۆلی سنوورەکان بکات، ناتوانێت خزمەتگوزارییەکان دابین بکات، لە ئێستادا دەوڵەتەکانی یەمەن و لوبنان و عێراق و سوریا دەوڵەتی فاشیلن، ئەم دەوڵەتانە بەردەوام کێشەیان هەیە بۆیە بەهۆی ئەم کێشانەوە دەنگی ئەو کەمینەو گروپانەش دەبیستریت کە بەشێکن لەو دەوڵەتانە.

خاڵێکی کرد وایکردووە کورد بناسرێت: گۆڕانی کایەی ئەکادیمیی کوردناسیی، لە ئێستادا لەشکرێک هەیە کە خەریکی لێکۆڵینەوەن لەبارەی زمانی کوردی و کەلتوری کوردین،چەندەها گۆڤارو کتێب بە زمانە جیاوازەکانەوە لەبارەی کوردەوە دەنوسن.

*مەریوان وریا قانیع: لە ئێستادا من کۆرسیکم هەیە لە زانکۆی ئەمستردام دەربارەی کورد لە سەدەی بیستەم، ساڵانە چەندەها قوتابی ناوی خۆیان دەنوسن، کە ئەمە تا بیست ساڵ پێش ئێستا بوونی نەبووە.

نەوت و غازو کێشە ئیقلیمیەکانیش بوونە هۆی بینینی کورد لە جیهاندا، چونکە لەناوچەدا غازو نەوتێکی زۆر هەیە، کێشەی زۆر هەیە.

خاڵێکی تر کە بووەتە هۆی بینینی کورد، گەشەیەکی زۆر لە ژمارەی دانیشوانەوە روویداوە، لە تورکیادا کورد ڕێژەی ٢٠٪ دانیشتوانی تورکیا پێکدێنێت، لە ئێراندا کورد ١٠٪ لە سوریادا ١٠٪ کوردە لە عێراقیشدا ٢٠٪ دانیشتوان کوردە. ئەمەش وایکردووە ژمارەی کوردەکان زیاد کردووە لە ئێستادا گوتارێکی ڕاسیستی هەیە دەربارەی زۆربوونی ژمارەی کوردەکانەوە، باس لە گەورەبوونی ژمارەی کورد دەکەن، ئەمانە هەمووی وایکردووە کورد ببینرێت.

بەڵام لە رابردوودا کاتێک کورد کیمیاباران دەکرا، کاتێک تورکیا گوندە کوردییەکانی وێران دەکرد، جیهان بێ دەنگ بوو، کەس باسی ئەم ڕووداوانەی نەدەکرد.

**سەدەی نۆزدەم نۆزدەم: ناسیۆنالیزمی کولتوریی و غیابی تواندنەوەی ئەتنی:**

ڕووخاندنی ئیمارەە کوردییەکان: لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم، شتێک نەمابوو بەناوی ئیمارەتە کوردییەکان، لەساڵی ١٨٥٢ دوایین ئیمارەت کە ڕووخا ئیمارەتی بابان بوو.

عوسمانییەکان خێزانە دەسەڵاتە ناوچەییەکانی بردە ئەستەمبۆڵ و لەوێ دەسەڵاتی پێدان، دواتر کەسانی سەر بەم خێزانانە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە درست کردنی هۆشیاری نەتەوەیی، بۆنمونە بەدرخانییەکان یەکەم ڕۆژنامە بە کوردی دەردەکەن.د دوای رووخاندنی ئیمارەتە کوردییەکان وا وێناکراوە کورد عوسمانییەکان دژی کوردن.

لە سەدەی نۆزدەمەدا ئەدەبیاتی کوردی دەبینین، نالی یەکەم کەسە کە بەکوردی سۆرانی دەنوسێت، نالیَ دەڵێت بە کەمی مەبینن من بە چ زمانیک دەنوسم، سەیری زمانەکەم مەکەن بەکو سەیری واتای شێعرەکانم بکەن، واتا نالی پۆزش دەهێنێتەوە بۆ زمانی بێگانە، بەجۆرێک داوای لێبوردن دەکات لەجیاتی ئەوەی بە زمانی تورکی یان عەرەبی بنوسێت بە زمانی کوردی دەنوسێت، دواتر شاعیرەکانی تر دێن بە کوردی دەنوسن.

بەڵام ئەوەی لە هەموو گرنگتر ئەوەیە نوسینی دینە بەکوردی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی عەقیدەنامەی کوردی دەنوسیت بە زمانی کوردی، ئەوەی کتێبەکە دەخوێنێتەوە سەیری دەسوڕمێنێت لەو زمانە پاکە کوردییەی کە بەکاری هێناوە، ئەم یەکەم کتێبی کوردی سۆرانییە کە دینی پێ نوسراوەو دواتر لە فێرگە دینییەکاندا دەخوێندرێت، دواتر نەوەیەک پەیدا دەبێت بە کوردی ئیسلام دەخوێنن، دواتر زمانی کوردی لە سەردەمی حاجی قادر کۆیی زمانی کوردی دەبێتە زمانێکی نەتەوەیی بەڵام لەسەردەمی نالی زمانی کوردی تەنها لەهجەیەکە پێی دەنوسرێت بۆئەوەی بگەن بە زمانەکان تر.

لە سەدەی نۆزدەمەدا شتێک نیە بە تواندنەوەی ئەتنی، کورد بە زۆر نەکراوەتە کورد، چونکە شوناسی سەرەکی لە سەدەی نۆزدەمدا دینە، کورد لە سەدەی نۆزدەمەدا وەکو کورد لە دایک نابێت بەڵکو وەکو کوڕی عەشیرەتێک لە دایک دەبیت یان وەکو کەسێکی دینی لە دایک دەبیت یان وەکو کوڕی ئیمارەتی بابان لە دایک دەبیت، هیچ هەوڵیکیش نییە بۆ گۆرینی ئەم شوناسە لەم سەدەیەدا.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمەدا کاتێک یەکەم رۆژنامە بە زمانی کوردە دەردەکرێت کورد دەبێت کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی خەیاڵی، ئەوانەی کە رۆژنامەی کوردی دەخوێننەوە کورد وەکو گروپێکی ئەتنی یان نەتەوەیی دەبینن. لەو قۆناغەدا فۆرمێکی تازە دروست دەبێت بەناوی ئینتیمای کوردی بۆ نەتەوەیی کورد.

حاجی قادر کۆیی ڕۆڵیکی گرنگ دەبینێت دروستکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی.

*مەریوان: چاپتەرێکی گرنگم لە نامەی دکتۆراکەم تایبەتە بە حاجی قادر کۆیی، لەوێدا بەراوردی دەکەم بە جەمالدینی ئەفغانی و محمد عەبدەو کەواکیبی، ئەمانە سێ خوێندەواری گرنگی ناو دەوڵەتی عوسمانین، ئەم سیانە باوەریان بەوەیە پێویستە دەوڵەتی عوسمانی گۆرانکاری بکات و عەرەب دەبێت بە قورساییەکی گەورە بەشداربێت لەم دەوڵەتە، بەڵام کەسیان باوەریان بەوە نیە دەوڵەتەکە کۆتایی بێت یان عەرەب جیابێتەوە لەم دەوڵەتە، بەڵام حاجی قادر تاکە ڕۆشنبیرێکی موسڵمانی ئەم سەردەمەیە کە باوەڕی بەوەیە پێویستە کورد لە دەوڵەتی عوسمانی بێتە دەرەوەو دەبێیت کیانێکی سەربەخۆی هەبێت.

لای حاجی قادر زمان دەبێتە بنەمای کولتور وئەخلاق، پێی وایە زمانی کوردی شەهیدکراوەو گرنگی پێنەدراوەو ئیشی کورد ئەوەیە زمانەکە زیندوو بکایتەوەو کیانێکی کوردی دابمەزرێنێت، لای حاجی زمان دەبێتە بنەمای ئەخلاق، بۆیە دەڵێت ئەوەی زمانی کوردی نەزانێت دیارە دایکی خراپ بووەو باوکیشی زیناکاربووە، حاجی پێی وایە ناسیۆنالیزمێکی نوێ دروست دەبێت لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا لەنیوان دەبێتە هۆی ململانێ لە نێوان کوردو ئەرمەندا.

لە سەدەی نۆزدەمدا، هەندێ یاخیبوون هەیە لەناو کورد لە دژی عوسمانیەکان بەڵام ئەم یاخیبوونانە هیچیان نەتەوەیی نەبوون و داوای سەربەخۆیی سیاایان نەکردووە بەڵکو زیاتر دژی سیاسەتی بە سێنتراڵکردنی دەسەلاتبوون لەلایەن دەوڵەتەوە چونکە کورد ویستویەتی خۆی حکومڕانی خۆی بکات بەلام هەر لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتت عوسمانی.

**سەدەی بیستەم: بەر لە ڕووخانی عوسمانییەکان:**

لە کۆنفرانسی پاریسدا کە تایبەت بوو بە نەتەوانەی کە داوای چ سەربەخۆییەک دەکەن، لە کوردیس شەریف پاشا بەشداربوو کە ئەندامی تەعالی تەرەقی کورستان، شەریف پاشا داوای سەربەخۆیی سیاسی دەکات بۆ کوردەکان بەڵام کوردەکانی تر وەکو عەرەبەکان داوادەکەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەکو خۆی بنمێنێتەوەو تەنها داوای کەمێک دەسەڵاتی لامەرکەزییان کردووە. کوردەکانیش وەکو نەتەوەکانی تر چەندەها گروپیان دروست کردووە کە گروپی کولتوری بوون نەک سیاسی وەکو گروپەکانی: تەعاون و تەرەقی، هیوا، تەشکیلاتی ئیجتیماعی، فیرقەی دیموکراتی کورد، جەمعیەتی ئیستیقلالی کوردستان.

لەکاتی بەشداریکردنی بەریتانیا لە جەنگی جیهانی دووەمدا مژدەی سەربەخۆیی و چارەنووس دەداتە هەموو گەلەکان.

شەریف پاشا وەکو نوێنەری کورد دەچێتە کۆنگرەی ساڵی ١٩١٩ داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکات و دواتر ئەم داوایەی دەبێیە برگەیەک لە پەیمانی سیڤەر کە لەساڵی ١٩٢٠ دەبەسترێت،

له بڕگەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤، بەپێی ئەم پەیمانە بەڵێن دەدرێت بە کورد کە دەوڵەتی پێبدرێت ئەمەش دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم لەناچاوچە کوردستانیەکاندا.

**سەدەی بیستەم: لە ئیمپراتۆریەتی فرەنەتەوەیی و فرەدینییەوە بۆ دەوڵەتی نەتەوە:**

وێنەی سەردەمەکە: بریتییە لە سەربەخۆیی گەلان و ئازادی و یەکسانبوونیان لەگەڵیاندا پێشکەونیان، بەڵام لەهەمان کاتیشدا سەردەمەکە چەند مەترسییەکیشی دروستکرا کە لەوانە: دروستبوونی "زوڵم" ی تازە، کەوتنە ژێردەستی نەتەوەیەکی ترەوە. مەترسی "مەحو" و "ئەسیر" بوون، بوون بە " کۆیلە"، ئەم چەمکانە لە رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بەکارهاتوون.

لەنێوان سەدەی نۆزدەم و بیستەم دابڕانێکی سایکۆلۆژی و فەنتازیی و سیاسیی و ئایدۆلۆژیی هەیە، تێزی ڕەخنەیی دروست دەبێت لە سەدەی بیستەمدا.

دابڕانێکی کۆمەڵایەتی نوێ دروست دەبێت : وەکو دروست بوونی هێزی کۆمەڵایەتی نوێ، ئۆرگانی سیاسیی، ئامانجی سیاسی تازە. لە دایکبوونی ئینتیمای تازە، تێروانین بۆ دین دەگۆردرێت و دین بە نەتەوەیی دەکرێت، کوردەکان باوەریان وابوو تەنها کورد بە باشی لە ئیسلام تێدەگات، بۆنمونە شێخ مەحمودو حاجی قادر هەمان ڕەئیان هەبوو، هەروەها عەرەبەکانیش بە هەمان شێوە، هەروەها خێڵەکانیش بە نەتەوەیی دەکرێن.

گوتاری ناسیۆنالیزم دروست دەبێت و کاپیتالیزمی چاپ و سرود درست دەبن، رۆلی ڕۆشنبیران زۆردەبێت، دژە کۆلۆنیالیزم دروست دەبێت.

چەندەها رۆژنامە دروست دەبن، بۆنمونە: بانگی کوردستان، رۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستقلال، رۆژی کوردم هەتاوی کورد، ئەم رۆژنامانە باسی بارودۆخی سەردەمەکەو مەترسی سەردەمەکە دەکەن.

**دەوڵەتی نەتەوەو بوون بە کەمینە:**

چەندەها دەولەت دروست دەب لەوانە: سوریا،عێراق، بەڵام کورد لەم دەوڵەتانە دەبێتە کەمینە لەو دەوڵەتانە، کورد دەبێتە کەمینەیەکی ئەتنی لەو دەوڵەتانە. ئەم دەوڵەتانە سیاسەتی بە سێنتڕالیزەکردنی دەسەڵات جێبەجێدەکەن لەگەڵ سیاسەتی بە ئەمنیکردنی*securitizitation* مەسەلەی کورد. لەکاتێکدا لە سەدەی نۆزدەمدا کورد ئەتنی نەبووەو گروپی ئەتنی هەرنەبووە، کەمینە لە سەدەی نۆزدەمدا کەمینەی دینین بەڵام لە سەدەی بیستەمدا کەمینەی نوێ دروست دەبن، کەواتە جەوهەری کورد لە سەدەی بیستەمدا ئەوەیە لە گروپێکی زۆرینەی کامڵدا کە

موسڵمانە دەبێتە کەمینەیەکی ئەتنی لەناو دەوڵەتێکی نەتەوەیدا، تیایدا تەنها یەک شوناس زاڵە بەسەر هەموو شوناسەکانی تر، جەوهەرێکی تری ئەوەیە کورد هەر داوایەکی سیاسی هەبوایە ئەم داوایە بە هەرەشە لەسەر ئەمنییەتی دەوڵەت لێکدەدرایەوە، دواتر بەشێوەیەکی سەربازی و جەنگی وەڵامی دەدرایەوە، ستراتیژیەتی تواندنەوەو چەوساندنەوەو پەراوێزخستن و بە کەم سەیرکردن جێبەجێدەکرس، ناوچە کوردییەکان گرنگیان پێنادرێت.

لە پاڵ ئەم هەموو چەوساندنەوەو غەدرەی لە کورد دەکرێت، دۆرکهایم  ناو لەو دۆخە دەنێت ئاهەنگی ئازار *Sad celebration* یان یادەوەریی و مێژووی ئازار، بۆیە کاتێک سەیری مێژووی کورد دەکەین لە سەدەی بیستەمدا بارودۆخی کورد بەم جۆرەیە وەکو ئەوە وایە کەوتبێتە ناو ئاهەنگێکی ئازاراوی، تیایدا دەکوژرێت و دەبێتە کەمینە.

دواتر مەسەلەی کوردو کوردستان دەبێتە بەشێک لە خەیالی سیاسی بە تایبەتی لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا تیایدا چەندەها گروپی سیاسی دروست دەبن.

**ڕاپەرینەکانی بیستەکان و سییەکان: کوردانی و تورکیا و عێراق:**

لە کورستانی باکورد: بزوتنەوەی شێخ سەعیدی پیران دروست دەبێت، دروستبوونی ڕێکخراوی خۆیبوون لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆشنبیرەوە، خۆیبوون و یاخیبوونی ئاگری لە ساڵی ١٩٣٠، لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٣١ تا ١٩٣٤ کوردی تورکیا ڕەدەگوازرێن بۆ ڕۆژئاوای تورکیا، لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٢٥ تا ١٩٣٨ ملیۆن و نیوێک کورد لە لە تورکیا دەکوژرێن و رادەگوازرێن.١

ڕاپەرینی دیرسیم ١٩٣٧- ١٩٣٨ تیایدا کوردە عەلەوییەکان دژی سیاسەتی تورک ڕادپەرن و دەرسیم وێران دەکرێت.

سوپای تورکیا لە ساڵی ١٩٣٤- ١٩٣٨ هەژدە هێرەشی سەربازی ئەنجامدان لەنێویاندا ١٧ یان بۆسەر کوردبوو.

شێخ مەحمود: لە دەوڵەتەوە بۆ بەخشینی پێگەیەکی تایبەت لەناو عێراقدا، کوردی باشوور بەوە جیادەکرێتەوە لە کوردی پارچەکانی دیکەی کورستان، هەمیشە پێگەیەکی بەرزی هەبووە لەلایەن بەریتانیاوە، بۆیە بەریتانیا زۆر بەڵین بە کورد دەدات بەڵام دواتر عیراق جێبەجێیان ناکات، بەریتانییەکان پێگەیەکی گرنگ بۆ کورد دابین دەکەن لەناو سیاسەتی عێراقدا بەڵام پیادەکردنی ئەم نەخشەیە  جێبەجێنەکراوە لەلایەن عێراقەوە.

 بۆنمونە عوسبەت ئەلئومەم؛ لە ساڵی ١٩٣٢ باس لە جۆرێک لە دەسەڵاتی ناوچەیی بۆ کورد دەکات و باسی زمانی کوردی دەکات.

له عێراقدا هەوڵی بە تواندنەوەی کورد نەبووە یان هەوڵی سەپاندنی زمانی عەرەبی نەدراوە بەسەر کوردی یان هەوڵی لەناوبردنی زمانی کوردی نەدراوە کە ئەمەش جیای دەکاتەوە لە بارودۆخی کوردەکانی دیکەی پارچەکانی کوردستان بۆنمونە لە تورکیا هەوڵی لەناوبردنی زمانی کوردی دراوە

**کوردەکانی ئێران:**

ئەوەی باسی دەکەم سەبارەت بەکوردەکانی ئێران هەموویم لە کتێبی عەباسی وەل وەرگرتووە کە کتێبێکی هەیە دەربارەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئیراندا. ناسیۆنالیزمی کوردی ئێرانیش هەمان بارودۆخی کوردەکانی دیکەی پارچەکانی کوردستان هەیە، لە ئێرانیشدا سیاسەتی بە مەرکەزیکردنی دەسەڵات جێبەجێدەکرێت، زمانی فارسی دەسەپێندرێت و نکۆڵی لە گروپە ئەتنییەکانی تر دەکرێت، سیاسەتی پەراوێزخستن جێبەجێدەکرێت، ناسیۆنالیزمی پەهلەوی لە ساڵی ١٩٣٥ زمانی کوردی قەدەغە دەکات. لە ساڵانی بیستەم، یاخیبوونی سمکۆ ئەنجام دەدرێت، لە ساڵی ١٩٤٢ کۆمەڵەی ژێکاف دروست دەکرێت کە ڕێکخراوێکی پان کوردییە، دواتر لەساڵی ١٩٤٤ پارتی دیموکراتی کوردستان دروست دەکرێت، دواتر کۆماری مەهاد دروست دەکرێت، لەساڵی شەستەکانەوە خەباتی چەکداری دەستپێدەکات، دواتر شۆڕەشی ئێران و پەلاماری کوردستان ڕوودەدات، دواتر لە ساڵی ١٩٨٩ قاسملۆ لە ڤییەننا و دواتر شەرەفکەندی دەکوژرێن.

ناسیۆنالیزمی کوردی ئێران جیاوازە لە کوردی عێراق لەوەی جۆرێک لە دانپیانان لە عێراقدا هەبووە، وە جیاوازیشە لە ناسیۆنالیزمی کوردی تورکیا چونکە لە تورکیادا سیاسەتی تواندنەوەی کورد هەبووە بەڵام لە ئێراندا ئەمە نەبووە.

**کوردبوون و کوردایەتی:**

زۆرجار دەگوترێت کوردبوون باشەو کوردایەتی خراپەو جۆرێکە لە فاشیزم.

کوردبوون وەکو عروبە وایە، عروبە؛ چەمکیکی کولتورییە نەک سیاسی، بریتییە لە پەیوەندی کولتوری و زمانی لە نێوان هەموو عەرەبەکانی جیهاندا. بەلام هەردوو چەمکی قەومییەو وەتەنییە دوو چەمکی سیاسین.

کوردبوون: چەمکێکی کولتورییە کە جەوهەرەکەی بریتیە لە زمان، شوناسێکی کولتورییە.

کوردایەتی وەکو جوڵانەوەی قەومییەی عەرەبیە کە جەخت لەسەر سەربەخۆیی سیاسی دەکاتەوە کە یان داوای دەوڵەت دەکات یان داوای دەسەڵاتێکی ناوچەیی دەکات لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا، کوردایەتی لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمە.

کوردایەتی ناسیۆنالیزمی کەمینەیەکی نەتەوەیی یان ڕاسیزم یان فاشیزم یان شۆڤێنیزم؟

کوردایەتی نوێنەرایەتی نەتەوەیەکی کەمینە دەکات بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی تورکی و عەرەبی کە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی زۆرینە دەکەن.

ناسیۆنالیزمی کوردی لەژێر ئەو ستەمەی لێی کراوە یەکسان نییە نیە بە ڕاسیزم و فاشیزم و شۆڤێنیزم. ناسیۆنالیزمی کوردی ناسیۆنالیزمێکی سیاسییەو خواستی سیاسی هەیە.

دروشمە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی: مافی چارەنووس ە دەوڵەتی کوردی بۆنمونە شەریف پاشا بەناوی هەموو کوردەوە داوای سەربەخۆیی کردووە بۆ کورد یان دەوڵەتی کوردستان.

بەڵام کوردەکانی باشوورو ڕۆژهەڵات یاخود پارتە سیاسیەکانی ئەم دوو پارچەیە بە درێژایی سەدەی بیستەم داوای خودموختارییان بۆ کوردستان و داوای دیموکراسیەت و فیدراڵیان کردووە بۆ دەوڵەتی ناوەند، دروشمی پارتی هەرئەمەبووە لەگەڵ یەکێتی بەڵام لە هەشتاکان یەکێتی ماوەیەک داوای مافی چارەنووسی کردووە بۆ کوردستان و دواتر گەراوەتەوە بۆ خودموختاری، ئەمانە بە حیزبی ئۆتۆنیزم ناسراون.

ڕەخنەی یەکەمی پەکەکە لە حیزبە سیاسیەکانی باشوور ئەوەیە کە ئەمانە داوای دەوڵەتی کوردستان ناکەن، پەکەکە دروشمی ئەوە بەرزدەکاتەوە دەبێت یەک دەوڵەتی کوردی هەبێت ب هەموو کوردەکان.

دواتر لە ساڵەکانی نۆهەتەکان پارتی نەدەوێرا داوای فیدراڵی بکات لە ترسی بەعس بۆیە هەر بە خودموختاری ڕازیبوو.

دیموکراسی خۆسەر: ئەوەی ئۆجەلان داوای دەکات  لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە، داوای نەتەوەیەکی دیموکرات دەکات بەڵام نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بێت، دیموکراسی کۆمەڵەیە، ئەو کۆمەڵانەی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دەژین خۆیان خۆیان ڕێکدەخەن و خۆیان بەڕێوەدەبەن، بەشداری خوارەوەیە بۆ سەرەوە، دیموکراسی خوارەوەیە، ئەم کۆمەڵەیە بڕیارەکانی ئەو ئەنجومەنە یان پەرلەمانە جێبەجێدەکات کە دەیان دات و تێزێکە دژی دەوڵەتی نەتەوەیە، پێی دەوڵەتی نەتەوە کێشەی گەورە دروست دەکات و بۆی چارەسەرناکرێت و پێی وایە ئەم دیموکراسی خۆسەرییە چارەسەری کێشەی کورد دەکات.

کەوایە ناسیۆنالیزمی کوردی لە قۆناغێکدا داوای دەوڵەت و سەربەخۆیی دەکات و لە قۆناغێکدا دەبێتە خودموختاری و لە قۆناغێکی تردا دەبێتە فیدرالیزم،لە قۆناغێکی تردا پەکەکە داوای دیموکراسی خۆسەری دەکات.

بۆیە ناسیۆنالیزمی کوردی هەمیشە لە ململانێ دابووە لەگەڵ ناسیۆنالیزمە زاڵەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە، لە دۆخی بەریەککەوتندابوونە.

فیکرەی خەباتی چەکداری و شۆڕەش: کە زۆرجار باس لەوەدەکرێت ئەم گروپانە دروستکراون لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە، لەکاتێکدا خەباتی چەکداری و بەکارهێنانی توندوتیژی بەشێکە لە دژایەتی کۆلۆنیالیزم، رەوتی کۆلۆنیالیزم ڕەوتێکی توندتیژە، لە جەزائیردا بووە هۆی کوشتنی یەک ملیۆن کەس. ئایدۆلۆژییە شۆڕشگێڕەکانی مارکسیزم و ماویزم و جیڤاریزم هەموویان پێ لەسەر خەباتی چەکداری دەگرن، نمونەی سەرکەوتنی شۆڕەشی گەلان هەبووە وەکو کوباو جەزائیر و ڤێتنام. دواتر فۆرمی تازەی مۆبیلیزەکردنی خەڵک دروست بووە لە تەریقەتەوە بۆ پارتی سیاسی لینینی. کوردیش کەوتۆتە ناو ئەو فۆرمانە لە بیرکردنەوەو ئیشیان تێداکردووە، هەندێ جار بە سەرکەوتوویی و هەندێ جاریش بە خراپی.

خەباتی چەکداری کێشەی بۆ کورد دروستکردووە وایکردووە هێزە کوردییەکان پەیوەندییان باش بکەن لەگەڵ دەوڵاتانی تر لە دژی دەوڵەتێکی تر بەم جۆرە وشەیەک بۆ ئەم هێزانە بەکارهێنراوە بەناوی " جاشایەتی" ، هەندێ جار هەندێ راستی تێدایەو بەڵام بە ڕەهایی ڕاست نیە.

**کەی بۆ یەکەم جار وشەی کوردایەتی بەکارهات:**

لەماوەیساڵەکانی ١٩٢٢ تا ١٩٢٤ لە کوردستانی باشووردا چوار ڕۆژنامە دەردەکرێن، لەسەردەمی شێخ مەحمود، رۆژنامەی یەکەم: بانگی کوردستانە کە لە سالی ١٩٢٢ دەردەکرێت لەماوەی سێ مانگدا ١٤ژمارەی لێ دەرکرا، یەکەم وشەی کوردایەتی لەم ڕۆژنامەیە بەکارهاتووە، لەژمارە یەکدا وشەی **کوردییەت** بەکارهاتووەم لە ژمارەدا دوودا وشەکەیان گۆڕیوە **بۆ کوردایەتی**، ئەمە پێش ئەوەی پاریی دیموکراتی کوردستان دابمەزرێت، رۆژنامەکە لەلایەن جەمعییەی کوردستانەوە دەرکراوە، بەرێوەبەری جەمعییەکە موستەفا پاشای یامولکی بووە. یەکەم جار رۆژنامەکە دەڵێت ئەمە (غەزەتە)رۆژنامەیەکی میللییە یان نەتەوەیی، ئەم رۆژنامەیە کاردەکات بۆ گەشەکردنی تەرەقی و تەعالی وەتەن واتا بۆ گەشەکردنی وەتەن، مەبەستی لە وەتەنی کوردە کە هیشتا عێراق دروست نەکراوە، وەتەنەکە وا ناوەبات: وەتەنی موقەدەسی خۆمان، باس لە خەڵکی کوردستان دەکات وەک فەرزەندەی وەتەن یانی مندالانی

وەتەن. باس لە ئیستقلالی کوردستان دەکات، حقوقی میللی، ویژدانی میللی، سلێمانی وەکو پایەختی کورستان، **کوردستانی جنوبی** کە یەکسانی دەکات بە ویلایەتی موسل و بەغدا لەو ڕۆژنامەیەدا وەکو دەوڵەتیکی بیانی ناوی دەبرێت.

بەکارهێنانی وشەی کوردایەتی لەم قۆناغە نە پەیوەندی بە فاشیزم و شۆڤێنیزمەوە هەیە بەڵکو پەیوەندی بە وتاریکی تازەو زمانێکی تازە هەیە لە قۆناغێکدا تیایدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵوەشێتەوەو کۆمەڵیک دەوڵەت دروست دەبن.

***ڕۆژنامەی بانگی کوردستان** ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی، زانستی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و سەربەخۆ بووە. حەفتانە لە شاری سلێمانی دەردەچوو. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ٢ی ئابی ١٩٢٢ چاپکراوە .خاوەنی ئیمتیاز، بەڕێوبەری بەرپرس و سەرنووسەر مستەفا پاشا یا موڵکی .دوای چاپکردنی چواردە ژمارە لە سلێمانی، بەشێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکە لە بەغدا چاپکران. ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و تورکی بوون.[٢] لە ساڵی ١٩٢٦، ڕۆژنامەکە ڕاگیرا.

لەدوای گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە هیندستان، ڕۆژنامەکە بووە زمانحاڵی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود

**یەک مەسە یان زیاد مەسەلەیەک:**

کورد تەنها یەک کێشەی نیە، کورد چوار کێشەی هەیە، کورد کراوەتە کەمینە، سیاسەیی بە ئەمنیکردنی خواستە سیاسی و کولتورییەکانی کورد جێبەجێدەکرێت بەڵام بەرێگای جیاواز، لە تورکیادا سیاسەتی تواندنەوەی کورد پەیرەو کراوە لە عێراقدا جۆرێک لە پێگە بۆ کورد دروستکراوە لە ئێراندا بەیناو بەین بووە.

مۆدێلی کەمالیزم سیاسەتی تواندنەوەو ئینکاریکردنەو لەگەڵ بوونی نەتەوەی ناپلورال، لە ئێراندا مۆدێلی ئینکاریکردنە بەبێ تواندنەوە.

مۆدێلی عێراقی: ناسیۆنالیزمی عەرەبی و نیشتیمانپەروەری عێراقی، دانپیانانی ناتەواو، هەندێ جار لەسەرکاغەز بووە بەڵێنەکانی عێراق و لە واقیعدا جێبەجێینەکردوون، هەندێ جاریش سیاسەتی لەناوبردن وەکو پرۆسەی ئەنفال و بەعەرەبکردن و بە بەرعسیکردن.

بەڵام مانای ئەوەی نییە حیزبە کوردییەکان هەڵەیان نەکردووە، یان خێزان وعەشیرەت تیایاندا زاڵ نەبووە.

مۆدێلی سوریا: ئینکاریکردن و لە هاوڵاتیخستن: لە شەستەکاندا زۆرێک لە کوردەکان ناسنامەی سوریان لێ سەندرایەوە.

*پەکەکە باوەڕی بە چەمکی کوردایەتی نەماوە بەڵکو باوەڕی بە نەتەوەی کۆنفیدراڵ هەیە، نەتەوە لای چەمکێکی میللیە، تیایدا لە نەتەوەش بەرزترە، داوای هەڵوەشاندنەوەی سنوورەکان ناکات، داوای ئەوە دەکات هەموو نەتەوەکان بێ جیاواز هەموان مافیان پێبدرێت و دەسەڵاتیان هەبێت.

*لای پارتی کوردایەتی بریتییە لە پارتایەتی و بارزانیەتی، هەرکەسێک وەکو ئەوان نەبێت، یان تۆمەتی دژە کوردی دەدەنە پاڵ یان عێراقچییەتی دەدەنە پاڵ.

*ئێمە یان قسەی زانستی دەکەین یان قسەی ئایدۆلۆژی دەکەین، دواتر کەلیمەیەک دەدۆزینەوەو

دواتر شەڕ بەم کەلیمەیە دەفرۆشین، ئەمڕۆ شەڕێک دەفرۆشرێت بە وشەی کوردایەتی، دەکرێت بە شەیتانێک، من ئەگەر بڵێم کوردایەتی خراپە ئیتر هەمووی تەواوە، بەڵام کە وتت: تۆ بە خەڵەت لە کوردایەتی تێگەیشتووی: ئەگەر کوردایەتی یەکسان بێت بە ناسیۆنالیزم، پرەنسیپێکی سیاسی بێت تیایدا داوای جۆرێک لە سەروەری سیاسی بکەیت بۆ گروپێکی ئەتنی یان کولتوری کە خۆی بە جیاواز دەزانێت، ئەوکاتە چەمکی سەرەکی لە ناسیۆلیزمدا نەتەوە، ئیتر دەگەڕێتەوە سەرئەوەی تۆ ئەم نەتەوەیە چۆن پێناسەدەکەی، ئایا وەکو نەتەوەیەکی دیموکرات پێناسە دەکەی؟ یان وەکو نەتەوەیەکی پلوڕال پێناسەدەکەی؟ بۆنمونە نەتەوەی ئەڵمانی و فەرەنسی لە کولتورییەوە بۆتە نەتەوەیەکی سیاسی یان پلوڕال، یاخود دەتوانی نەتەوە بەشێوەیەکی فاشیستی یان شۆڤێنی پێناسە بکەی، لۆژیکی سەرەکی سیاسەت کردن لای پارتی بریتیە لە بنەماڵە،نە نەتەوەیە نە وکوردایەتیە نە نیشتیمانە، چەمکی سەرەکی لای پارتی بریتیە لە خێزان یان بنەماڵە دواتر بەشێک لە بنەماڵە ، ئینجا بەشێک لە خێڵ دواتر مەکتەب سیاسییەکەی ئەم مەکتەبەش وەکو داشی دامە لەژێر دەستی بنەماڵەکەدایە، دواتر دروستکردنی نوخبەیەک بە دەوری ئەم ناوکە خێزانییە، ناونانی ئەم جۆرە کوردایەتیە یان نەتەوایەتیە وەکو ئەوەیە بە سەلاجە بڵێی تەلەفزیۆن، بە بەفر بڵێی خوێ، ئەوەی پارتی بەرامبەر ئێزیدییەکان دەیکات لە مەنتقی ئەوە نایکات ئێمە کوردین و ڕقمان لە پارتییە یان ئێزیدی کورد نین و شتیکی ترن، کە ناچێت بە دەم ئێزیدییەکانەوە بەشێکە لە پلانی ئیقلیمی گەورە کە تێیدا بەشێک لەو پرۆژەیەی کە تورکیا بە تەمابوو دەسەڵاتیکی سوننی لەوناوچەیە دروستبکات.

کاتێک تۆ ناو لەم دیاردەیە دەنێیت کوردایەتی ناتوانی لە دیاردەکە تێبگەیت، بەشێکی گرنگی ناونان بۆئەوەیە تێبگەین لە دیاردەکان و شتەکان، بەڵام ئێستا پیمان وابێت پارتی دروستکەرو داهێنەرو تەعبیرکەری ژمارە یەکە لە کوردایەتی، کوردایەتیش بریتییە لە دژایەتی کردنی عەرەب

و تورک و شیعە، یان یەکسانە بەوەی نەتەوەکانی تر بە نمرە دوو سەیربکەی، ئەمە قسەی سەر جادەش نییە.

*بارزانی بۆئەوە ڕیفراندۆمی کرد بۆئەوەی لە دەسەلاتدا بمێنێتەوە.

*کاتێک کورد بە توندی دەست بە ناسیۆنالیزم و نەتەوە دەگرێت لە عێراقدا ئەمە وادەکات ببێتە بەربەست لەبەردەم دروستبوونێکی عێراقێکی  نا ناسیۆنالیستی چونکە کاتێک تۆ تا زیاتر جەخت لەسەر کوردایەتی بکەیتەوە ئەمە لە عێراق دەکات زیاتر جەخت لەسەر ناسیۆنالیزمی عەرەب بکاتەوە، کورد چارەیە هیچ چارەیەکی نیە، تەنها دەبێت لۆژیکی ناسیۆنالیزمی خۆی بکاتە عێراقییانە، ناسیۆنالیزمێکی عێراقیانە تیایدا شوناسی هەموو نەتەوەکان دەپارێزێت،لەبەرئەوە رەخنەگرتن لە کوردایەتی زۆر عەقلانییە.

*هیچ ناسیۆیۆنالیزمێک ناتوانێت چارەسەری کێشەکانی عێراق بکات نە ناسیۆنالیزمی کوردی نە ناسیۆنالیزمی عەرەبی سونییەکان و نە ناسیۆنالیزمی نیمچە دینی شیعەکان لە عێراقدا ناتوانن چارەسەری کێشەکانی عێراق بکەن، هەمووی پێویستی بە ڕەخنەکردن هەیە، تەنها چارەسەر ئەوەیە عێراق بکەینە نەتەوەیەکی پلۆڕال، واتە نەتەوەیەکی عێراقی هەبێت کە نوێنەرایەتی هەموو دانیشتوانی عێراق بکات بەبێ جیاوازی، ئەمە بەوە تێدەپەریت کە رەخنەی ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمانە بکەیت کە فاشیسیتە، ڕاسیستییە، بەلام دیوی ئەودویوی حیکایەتەکە ئەوەیە تۆ پێت وابێت عێراق لەبەردەمی دروستکردنی ئەم پرۆژەدایە، بەلام کێشەکە ئەوەیە لە هەموو عێراقدا بکەرێکی دیموکراسیمان نییە چ لە کوردا چ لەناو عەرەبدا، یەک هێزی دیموکراسی تێدانییە، هەرهەموو هێزەکان یان هێزی تائیفین یان هێزی دینینین یان هیزی بنەماڵەییین، لەبەرئەوە پرۆژەی دروستکردنی نەتەوەیەکی پلۆڕال لە مەحاڵ نزیکە. خاڵێکی ئەوەیە بەدرێژایی مێژووی هێزە سیاسییەکانی کوردی عێراق، داوای خودموختاری کردووە بۆ کوردو داوای دیموکراسی کردووە بۆ عێراق، ئایا ئەکرێت بە شەڕفرۆشتن لەگەڵ پارتێکدا ئەمە یەکسان بکەیت بە دژایەتی کردن یان ڕێگری کردن لە نەتەوەیەکدا وەکو گروپێکی نەتەوەیی داوای پەرلەمان یان جۆرێک لە سەربەخۆیی سیاسی بکەن و دواتر یەکسانی بکەیت بە ڕێگری کردن لە پرۆژەی بە پلورالکردنی عێراقدا.

*دەوڵە هەیە یەک نەتەوەشە بەلام لەگەڵ نەتەوەکە لەگەڵ خۆشیدا دیموکراس نیەو تەبا نین. جا ئەمە بۆ دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و گروپ و فرە کولتور خراپترە.

*مەریوان وەریا قانیع پێی وایە:پێش بیست ساڵ وتومە قۆناغی خەباتی چەکداری کۆتایی هاتووە، کورد دەرەقەتی ئەم دەوڵەتانە نایەت. خەباتی چەکداری کورد شکستی هێناوە، سەد ساڵە کورد

خەباتی چەکداری دەکات؟ کا بەرهەکەی؟ لە کوردستانی باشووردا ئەنجامەکەی ئەنفال بوو، لەکوردستانی باکووردا وێرانکردنی گوندو ڕاگوازستنتنی بەزۆر و کوشتاری بوو.

*ئەگەر ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە پێیاوان وابێت کاتیک کورد داوای پڕۆژەیەکی سیاسی سەربەخۆ دەکات یان  داوای بە پلوڕاڵکردنی ئەم دەوڵەتانە دەکات یاخود پێداگیرە لەسەرئەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی ڕێگرە لەبەردەم بە دیموکراسیبوونیان، ئەمە لە ڕووی تیوری و ئەخلاقییەوە هەڵەیە، لەبەرئەوەی خەڵکێک دەیەوێت فۆڕمێکی سیاسی دیاریکراوی تایبەت بەخۆی هەبێت بە چ حەقێک ڕێگری لێدەکەی و لێی دەسێنیتەوە، چ حەقێک ئەمە بە تورکیا یان بە سوریا دەدات ئێوە مافی دروست کردنی هەرێمکتان نیە یاخود لە هەولێرەوە بە خەڵکی بەسرا بوترێت ئیوە مافی دروستکردنی هەرێمتان نیە.

*فەشەلی سیاسی حیزبەکانی کوردستانی باشوور لە دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی لانی کەمی خەڵکی باشوور لەخۆبگرێت یەکسان کراوە بە ئینکاریکردنی هەموو داواکارییەکی سیاسی و مافێکی سیاسی بۆ کورد، لەئەوە هەموو ئەوەی  پارتی و یەکێتی لە وتاری ڕۆژانەدا داوای دەکەن کراوەتە کوردایەتی لەکاتێدا لە واقیعدا پێچەوانەکەتی، بۆیە هەرکاتێک خەڵک ڕووبەرووی پارتی ویەکیتی  دەبێتەوە والیک دەدرێتەوە ئەمانە دژی کوردو کوردایەتین، بۆیە یەکەم ئیشی ئێمە ئەوەیە دەبێت ڕەخنە لەم دوو حیزبە بگرین. چونکە لە کوردستاندا مافی و مرۆڤ و دیموکراسی نیە، کەواتە دەبێت ئێمە شەڕی ئەمە بکەین لە ژێر هەرناوێکدا، شەڕی ژماری یەکی ئێمە لەگەل حوکمڕانەکانی کوردستانە. شەڕی ئێمە دەبێت ئەوەبێت ، هاوڵاتین و بێ ڕێژیمان بەرامبەر نەکرێت ، حیزب لەسەرووی کوردیەتییەوە نەبێت، لەگەڵ بەغداشدا هەمان شەڕمان هەیە، ئێمە بەغدامان لێبووە بە سویسڕا، خەڵکی بەغداش هەمان شەڕیان لەگەڵ دەوڵەت هەیە.

*وەک چۆن دروستکرنی دەوڵەتێکی عێراقێکی پلوڕاڵ مەحاڵە بە هەمان شێوە دروستکردنی دەوڵەتی کوردیش مەحاڵە، لەیەک کاتدا دەوڵەتی کوردستان مەحال نیە،ئەویش دووبارەبوونەوەی سیناریۆی دەوڵەتی ئیسرائیلە، دەبێت دەولەتەکە دروستبکرێت و دواتر ئەمریکا بێت بیپارێزێت، کەس نەتوانێت دەست بۆ ببات، لە خەیالی هیچ سیاسەتمەدارێکی ئەمریکی نیە دەوڵەتی کوردستان دروستبکات، لەبەرئەوە پڕۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی درۆیەکی گەورەیە.

*شەڕێکیان دروستکردووە لەبەرامبەر وشەی "کوردایەتی" تۆ بڵێ کوردایەتی خراپە، ئیتر تۆ باوەڕت بە دیموکراسی هەیەو کەسێکی ناسیۆنالیست نیت و باوەرت بە مافی مرۆڤ هەیە، لەمەشدا پارتەکانی کوردستان هۆکاری ئەمەن. بەڵام ئەگەر بڵێین کوردایەتی یەکسانە بە چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی کوردستان  بە یەکەوە، لێرەدا هیچ کێشەیەکی

تێدانییە، یان کە باسی ناسیۆنالیستیت کرد یەکسەر یەکسانت نەکرد بە نەژادپەرستی و ڕاسیستی و فاشیزم، هەرچەندە ناسیۆنالیزم ئەکرێت لەگەل هەموو چەمکێکدا بژیت،

یەکێک لە کێشەکانی ناسیۆنالیزم لە ناوچەکەدا ئەوەیە نەیتوانیوە لەگەڵ لیبراڵیزمدا بژیت، ئەگەر ئەو ناسیۆنالیزمەی کە لە ئەوروپا هەیەو لەگەل لیبرالیزمدا دەژیت لە عیراقدا هەبێت ئەمە چ کێشەیەکی هەیە، بەڵام لێرەدا شتەکانیان وائاسان کردووە، کوردبوون خراپە، ناسیۆنالیزبوون خراپە. تەنیا عێراقی بوون باشە، ئیمە دەبێت هاولاّیی جیهانی بین و جیهان ب نیشتیمانی خۆمان بزانین، لە کاتیکدا ئەمان لە ڕووی تیۆری سیاسیەوە هەڵەن.

*لەسەدا نۆهەدی ئەو کوردایەتییەی حیزبەکانی ناشوور بریتییە لە دیموکراسسی بۆ عێراق، حوکمی زاتی بۆ کوردستان، ئەمە لە ٩٠٪ مێژووی کوردایەتییە، بەڵام بکەرەکانی بکەری بەر لە دروستبوونی نەتەوەن، بکەری بنەماڵەو خێڵی و تائیفی و دینینن و نیمچە فاشیستین، ئێمە وتاری ناسیۆنالیزمیمان هەیە بەڵام بکەری ناسیۆنالیزیمیمان نیە، بکەرەکانی هی بەر لە قوناغی نەتەوەن.

*لە ئێستادا سیاسەتی کوردی بووەتە بازرگانی، شتێک نەماوە بەناوی کوردایەتی لە عێراقدا، تەنیا بازرگانیە، بازرگانیش نەوتە، کە لەلایەن پارتی و یەکێتی کۆنتیرۆلکراوە، یەکسانکردنی سیاسەتکردن و کوردایەتی ئەمانە بە ناسیۆنالیزم هەڵەیەکی گەورەی زانستیە یان سیاسییە، هەروەها هەڵە تێگەیشتنە لە جەوهەری کێشەکە، بە دیوی ئەودیودا هەڵە تێگەیشتنە لە کێشەیەک تیایدا ئێمە کەمینەین لە کۆمەڵێک وڵاتدا، مێژووی کەمینەش بەرادەوام مێژوییەکی خوێناوی بووە، کەمینەکان هەڵە دەکەن، نوێنەری کەمینەکان هەڵەن بەڵام لە هەمان کاتێشدا دەوڵەتەکانیش فاشیست و دیکتاتۆرن و توانای لەناوبردنی ئەم کەمینانەیان هەیە.

سەرچاوە:

*https://youtu.be/N9vWdDEvlAA?si=PeBdq8jLNl5lZgnL*

HAADI

HAADI